JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ
العدد الحادي عشر
(٥٠٣)- (٥٣٤)

# بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود حەفید (١٩١٩-١٩٤١) لە نووسینەکانی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنیدا

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، ڕەخنەیی، بەراوردکاریە)

توێژەر: رندە طە حبیب          پ.د. صلاح محمد سلیم
زانکویا دهۆك / کولێژا پەروەردە ئاکرێ/ بەشێ مێژوو
randhabib05@gmail.com

پوختە :

زۆرێك لە نووسەرو مێژوونووسانی عەرەبی عێراقی لەسەر مێژووی کورد و کوردستانیان نووسیوە لە ساڵەکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە سەروبەندی دامەزراندنی شانیشینی عێراقی دوای دامەزراندنی، کە ئەو ماوەیەش بە سەرەتای دەستپێکردنی پرسی کورد دادەنرێت لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی پرسی کورد یەکێك لە گرنگترین پرسە ناوخۆیەکانی حکوومەتی عێراق بوو، لە پێشەکی ئەو مێژوونووسانەش عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بووە، کە گرنگی بە مێژووی سیاسی کورد داوە، بەتایبەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد، لە نووسینەکانی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی ڕەنگیان داوەتەوە، لەو بزووتنەوانەش بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی حەفید (١٩١٩ – ١٩٤١) کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خۆ دەگرێت لەبەر ئەوەی حەسەنی لە ماوەیەکی گرنگی مێژوویی ئەم نووسینانەی نووسیوە کە هاوچەرخی ڕوودانی ئەم بزووتنەوانە بووە و نووسەری حکومەت بووە لە سەردەمی پاشایەتی بۆیە ئاگاداری هەڵویستی حکومەتی عێراق بەریتانیا بووە لەم بزووتنەوانە و هەڵویستی هەردوو دەوڵەتی لەم بزووتنەوانەدا دیارکردووە.

ئارمانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ دیاریکردنی هەڵویستی مێژوونوسێکی عێراقیە، کە زمانحالی حکومەتی عێراق بووە لە سەردەمی پاشایەتی لە بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود، لەم لێکۆڵینەوەیە دەمانەوێت نووسینەکانی حەسەنی لەسەر بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود دیاربکەین و پاشان بەپێی سەرچاوەکانی باوەڕپێکراوی تری گفتوگۆی ئەم نووسینانە بکەین لایەنە ڕاست و ناڕاستەکانی دیاربکەین چۆنکە لە زۆر جێگا ئەم نووسینانە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە مێژووییە، لە بەر ئەوەی زیاتر بەپێی

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

هەڵویستی حکومەتی عێراق و بەریتانیای مامەڵە لەگەڵ ئەم بزووتنەوانە کردووە کە هەڵویستی ئەوانیش زیاتر دوژمنکارانە بووە.

کلیلی لێکۆڵینەوە: بزووتنەوە، شێخ مەحموود، حەسەنی.

# (حركات الشيخ محمود الحفيد ١٩١٩– ١٩٤١ في كتابات عبدالرزاق الحسني)

## ( دراسة تحليلية، نقدية، مقارنة )

رنده طه حبيب                    پ. د. صلاح محمد سليم
الجامعة دهوك / كلية التربية عقرة/قسم التاريخ
randhabib05@gmail.com

الملخص:

لاشك أن تاريخ الكورد وكوردستان قد جذب اهتمام الكثير من المؤرخين والمؤلفين، العرب والعراقيين منهم بالتحديد ففي سنوات القرن الماضي بالاخص منذ بداية تأسيس المملكة العراقية وبعدها، وتعد هذه الفترة بداية ظهور القضية الكوردية مع الحكومات العراقية ، وذلك لأن هذه القضية أحدى أهم القضايا الداخلية للحكومات العراقية، ومن ابرز المؤرخين العرب العراقيين الذين كتبوا عن تاريخ الكورد وكوردستان عبدالرزاق الحسني وبالاخص تاريخ الحركة الكوردية التحررية ، ومن ابرز هذة الحركات، حركة شيخ محمود الحفيد (١٩١٩–١٩٤١) وهذا كان السبب الذى دفعنا لأختيار هذا الموضوع (حركات الشيخ محمود الحفيد ١٩١٩– ١٩٤١ في كتابات عبدالرزاق الحسني)، لأن كتابات الحسني عن هذه الحركات كانت في فترة تاريخية مهمة، لأنه معاصرا لأحداث هذه الحركات كونه مؤرخاً في الحكومة الملكية آنذاك، لمعرفته بمواقف الحكومتين العراقية والبريطانية وبين موقف الحكومتين من هذه الحركات.

والهدف من هذه الدراسة بيان موقف المؤرخ العراقي ، كونه كان المتحدث للحكومات العراقية في العهد الملكي، وفي هذا البحث اردنا أن نبرز كتابات الحسني عن حركات الشيخ محمود الحفيد، وبعد الاعتماد على المصادر الموثوقة تبين لنا أن اغلب هذا الكتابات تحتاج الى تصحيحات تاريخية لان الحسني كان يوثق القرارات التى تصدر من قبل الحكومة العراقية واغلب هذة القرارات كانت ضد حركات الشيخ محمود الحفيد.

الكلمات المفتاحية: الحركة، الشيخ محمود، الحسني.

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

(The movements of Sheikh Mahmoud Hafid 1919 -1941 in the books of Abdul Razzaq Al- Hassani).
(Analytical, Critical,Compartive studies)

University of Dohuk / College of Education Asas
Randa Taha Habeeb Dr.Salah Mohmmad saleem
randhabib05@gmail.com

Abstract
The history of the Kurdish and Kurdistan has attracted a lot of attention from Iraqi Arab Historians and writers, including them in the years of the last century" especially since the beginning of the establishment of the Iraqi kingdom and after words ,and this period is considered the beginning of the emergence of the Kurdish issue with the Iraqe government, and this is why this issue is one of the most important issues for Iraqi government, and among the most prominent, historian the Arabs who wrote about the history of the Kurdish and Kurdistan, Abd al-Razzaq al- Hassani especially the history liberating government, and one of the most prominent of these movement is the movements of Sheikh Mahmoud al- Hafeed in 1919- 1941, the movements were in an important historical period because he was a contemporary of these movements, being a historian in the royal government at the time because of his knowledge of the position of the Iraqi and British governments and the position of the two the governments on these movements to highlight Al- Hassani is writings aout the movements of Sheikh Mahmoud al- Hafeed, and after relying on reliable source, we found that most of this writing are underrated to historical correction Al- Hasani was documenting the decisions issued by the Iraqi government, and most of these decisions were against semi- Mahmoud movments.

Keywords:Movements, Sheikh Mahmoud , Hassan

پێشەکی:

مێژووی ڕووداوە سیاسیەکانی کورد لە عێراق جێگای گرنگی پێدانی زۆرێك لە توێژەر و مێژوونووسانی عەرەبی عێراقی بووە، ئەم گرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زووەوە بەتایبەتی لە سەروبەندی دامەزراندنی شانیشینی عێراقی لە ئابی ١٩٢١ ئەم دەوڵەتە کورد و عەرەب و کەمە

نەتەوە و کەمە ئاینیەکانی تری لەخۆدەگرت، کوردەکان دووەمین گەورەترین کەمە نەتەوەینە لە عێراق بۆیە دەورێکی بالآیان هەبووە لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی عێراق. لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەش بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد بووە لە عێراق.

لە پێشەکی ئەو مێژوونوسانەش عەبدولڕەزاق حەسەنی بووە، کە گرنگی بە ڕووداوە سیاسیەکانی مێژووی کورد داوە لە بەرهەمەکانی هەرچەندە لەڕووی ئاراستەی فکری کەسایەتیەکی نەتەوەیی بوو، بەڵام زۆربەی ڕووداوەکانی مێژووی سیاسی کورد لە سەردەمی پاشایەتی لەناو نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە بەتایبەتی مێژووی بزووتنەوەکانی کورد، جگە لەمە پەرتووکەکانی بەتایبەتی پەرتووکی (تاريخ الوزارات العراقيه) بە هەردە بەرگیەوە پەرتووکی (تاريخ العراق السياسي الحديث) بە هەرسێ بەرگەکانیەوە (عیراق فی دوري الاحتلال والانتداب) کە دوو بەرگە، سەرچاوەیەکی گرنکن بۆ مێژووی سیاسی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی لە هەمان کاتدا بۆ مێژووی سیاسی کورد، لەبەر ئەوەی نووسەر فەرمانبەر بوو لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو کات، بۆیە زۆربەی مەلەفە هەستیارەکانی حکومەتی لە بەر دەستی دابووە.

گرنگی ئەم بابەتە بۆ زانینی هەڵویستی مێژوونوسێکی عەرەبی عێراقیە، کە زمانحالی حکومەتی عێراق بووە لە سەردەمی پاشایەتی لە بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود؛ ئارمانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەمانەوێت نووسینەکانی حەسەنی لە سەر بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود دیاربکەین پاشان بەپێی سەرچاوە باوەرپێکراوەکانی تر گفتوگۆی ئەم نووسینانە بکەین لایەنی ڕاست و ناڕاستەکانی دیاربکەین، چونکە لەزۆر جێگادا نووسینەکانی لەسەر ئەم بزووتنەوانە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازی شیکاری و ڕەخنەی بەراوردکاری بەکارهاتووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر (بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی حەفیدە (١٩١٩-١٩٤١) لە نووسینەکانی حەسەنیدا. پێکدێت لە پێشەکی و چوار تەوەر لەگەڵ ئەنجامەکان لە تەوەرەی یەکەم: تیشک خراوەتە سەر بزووتنەوەی ساڵی ١٩١٩ بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود تەوەری دووەم: باسی بزووتنەوەی شێخ مەحموود ١٩٢٢-١٩٢٧ کراوە، تەوەرەی سێ یەم : تیشک خراوەتە سەر ڕووداوی ڕۆژی ڕەش(٦ی ئەیلول ١٩٣٠) و بزووتنەوەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٣٠. لە تەوەرەی چوارەم باسی کۆتایی بزووتنەوەی شێخ مەحموود دەکات لە ساڵی ١٩٤١.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستووە لە پێشەکیاندا پەرتووک و نوسراوەکانی حەسەنی، کە بە سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە

دادەنرێن، کە گوزارشت لە نووسینەکانی نووسەر دەکات لە سەربابەتەکانی ناو لێکۆڵینەوە و هەڵویست و بۆچوونی نووسە لەو بزووتنەوانە دیاردەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ژمارەیەکی زۆر پەرتووکی جۆراوجۆر بەستووە وەکو پەرتووکی بەڵگەنامەیی و هەروەها پەرتووکی کوردی و عەرەبی ئینگلیزی وەرگیراو بۆ بەراوردکاری لەگەڵ نووسینەکانی حەسەنی بە دیارخستنی ڕاستی ڕووداوەکان بە پێی پەرتووکی ڕەسەن.

تەوەرەی یەکەم: بزووتنەوەی ساڵی ١٩١٩بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود لە نوسینەکانی حەسەنیدا:

شێخ مەحموود (١٨٨٢-١٩٥٦) بەناوبانگترین سەرکردەی ئایینی و سیاسی بوو لە باشوری کوردستان، هەتا ساڵی سیەکان و چلەکانی سەدەی پێشوو بە دواوە، ناوی لە چەندین ڕووداوی سیاسی و لەشکری هاتووە، وەك بەشداریکردنی لە شەری جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) لە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی

(خواجة ٢٠١٦، ل ٣٤ ،ل٤٠)،هەروەها دەورێکی گرنگی گێرا لە دارشتنی پەیوەندی نێوان کورد و بەریتانیا ئەویش لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە بەریتانیەکان، کاتێك لەشکری بەریتانیا لە گۆلانی ١٩١٩ کەرکوك دەگرێت، شێخ مەحموود نامەیەك بۆ بەریتانیەکان دەنێرێت داوایان لێدەکات بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە ژێر سەرپەرشتی خۆ (حیلمی ، ٢٠٢٠، ل ل ٦٦-٦٧).

بەڕێوەبەرایەتی شاری سلێمانی لەلایەن عوسمانیەکان درایە دەست شێخ مەحموود، ئەویش دوای سەرکەوتنی بەریتانیەکان لە شەڕی ناوبراو گرتنی کەرکوك و موسڵ لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨، کە بووە هۆی کشانەوەی لەشکری عوسمانیەکان لەو ناوچانە بە سلێمانیشەوە (تقی، ١٩٧٠، ل٢١)، ئەو گۆڕانگاریە سیاسیانەی لەناوچەکەدا پەیدابوون دەرفەت بۆ شێخ مەحموود پەیدابوو، کە جارێکی تر پەیوەندی بە بەریتانیەکان بکاتەوە، بۆیە لەسەر دەستپێشخەری شێخ مەحموود لە ١٦ی تشرینی دووەمی١٩١٨ میجەر(نوئێل-M.Noel) نوێنەری بەریتانیا گەیشتە سلێمانی بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کوردی لە ژێر چاودێری بەریتانیا، شێخ مەحموود کرا بە حوکمداری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی لە زێی بادینانەوە (الزاب الكبرى) درێژدەبێتەوە بۆ زێی سیروان(ادموندز، ٢٠١٢، ص٦٣).

بەڵام زۆر پێ نەچوو پەیوەندی لە نێوان بەریتانیا و شێخ مەحموود تێکچوو کاتێك ناوبراو ویستی لەو چوارچێوەیەی بەریتانیا بۆی داناوە دەرچێت بۆ ئەم مەبەستە شێخ مەحموود چەند

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

هەنگاوێکی گرنگی گرتەبەر، لەوانە داوای لە بەریتانیا کرد دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا جیا لە ئیدارەی بەغدا و فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی، بەریتانیا ئەم داواکاریانەی بە دەرکەوتن دانا لە نەخشە سیاسیەکەی بۆیە چەند کارێکی بۆ لاوازکردنی دەسەلاتەکەی گرتەبەر، وەك کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و دانانی میجەر(سون Soane) لە شوێنی میجەر نوئێل (البیاتی، ٢٠٠٥، ص ص١٢٧-١٢٨). شێخ مەحموود بۆ رووبەڕووبونەوەی سیاسەتی بەریتانیا دەستی بەبزووتنەوەکەی کرد توانی بەیارمەتی لایەنگیرانی لەنیسانی ١٩١٩ سلێمانی بگرێت، حکومەتێکی کوردی سەربەخۆی لە سلێمانی پێکهێنا لە ٢٢ی نیسانی ١٩١٩ دەستی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی داگرت(شمدت، ١٩٩٩، ص٨٣؛ عبداللة، ٢٠١٢، ص ص٣-٤).

بەڵام بەریتانیا بۆ لە ناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە هەڵمەتێکی گەورەی سەربازی بەسەرکردایەتی جەنەراڵ (فریزەر –G. Fraser) سەرکردەی فرقەی ١٨ لە موسڵ گرتەبە (المیس بیل ١٩٧١، ص٢٠٣)، ئەم هێزە لە ١٦ی حوزەیران هێرشی کردە سەر هێزی شێخ مەحموود لە دەربەندی (بازیان) لەگەڵ هێرش و توببارانکردن لە ١٨ی حوزەیران شەڕێکی دژوار دەستپێکرد لە نێوانیاندا، لەم شەڕەدا شێخ مەحموود و هێزەکەی زیانێکی زۆریان بەرکەوت، شێخ مەحموود بە برینداری گیرا و ڕەوانەی بەغدا کرا، سزای لە سێدارەدانی بە سەر سەپێنرا، دواتر سزاکەی گۆڕا بەدورخستنەوە بۆ (هند) بەم شێوەیە کۆتایی بە حکومەتی شێخ مەحموود هات لەو ماوەیەدا (عەتبدوڵڵاَ، ٢٠٠٦، ل٢٠).

عەبدوڵڕەزاق ئەلحەسەنی[i] ، گرنگی بە بزووتنەوەی یەکەمی شێخ مەحموود داوە بە جۆرێك لە هەر سێ پەرتووکەکەی لە پەرتووکی (تاريخ الوزارات العراقيه ج١) باس لەم بابەتە دەکات لەژێر ناونیشانی" بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود لە سلێمانی""حركات الشيخ محمود فی السليمانيه"، بەڵام لە پەرتووکی (تاريخ العراق السياسی الحديث ج٣) ناونیشانی بابەتەکە دەکاتە "سەرکردەی میللی شێخ مەحموود" الزعيم الملي الشيخ محمود" هەروەها لە جێگایەکی تر ناوی بابەتەکە دەکاتە "زیادبوونی دەسەڵاتی شێخ مەحموود" اضعاف نفوذ الشيخ محمود"، بەڵام لە پەرتووکی (العراق فی دوري الاحتلال والانتداب ج١) ناونیشانی بابەتەکە دەکاتە "شێخ مەحموود" "الشيخ محمود"، لەجێگایەکی تر هەمان پەرتووك ناونیشانی "نزیکبوونی شێخ مەحموود لە ئینگلیز" تقرب الشيخ الی الانكليز" حەسەنی لەم هەرسێ پەرتووکەدا هەمان زانیاری دەخاتەڕوو، باسی بزووتنەوەی یەکەمی شێخ مەحموودی

کردووە هەر لەسەرەتاوە تا لەناوبردنی بزووتنەوەکە لەلایەن بەریتانیا و دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ (هند)، جارێکی تر داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن بەریتانیا.

لەسەرەتای بابەتەکەدا ئاماژە بە بنەماڵەی شێخ مەحموود دەکات، کە لە بنەماڵەیەکی ناودارە (بنەماڵەی کاکە ئەحمەد)، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابانیەکان (میرنیشینی بابان) لە دوای کاك ئەحمەد شێخ سەعید جێگای دەگرێتەوە، لەدوای مردنی ئەوەی دوایی شێخ مەحموود جێگای دەگرێتەوە، کەسایەتیەکی بەناوبانگ و پایە بەرزە نەك تەنیا لە سلێمانی بەڵکو لەهەموو کوردستان (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص ص٢٧٧– ٢٧٨؛، ٢٠١٣، ص٣٠٠). حەسەنی جوانترین وەسف دەداتە شێخ مەحموود دەڵێت :"ئێمە دەتوانین بە حەق بڵێین شێخ مەحموود مێژووی دۆزی کوردە دۆزی کوردیش شێخ مەحموود خۆیەتی"(الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨٠)، هەوڵەکانی شێخ مەحموود بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش شەڕی جیهانی یەکەم، ئاماژە بەوە دەکات پێش شەڕی جیهانی یەکەم شێخ مەحموود پەیوەندی بە بەدرخانیەکان کردوە، هەروەها پەیوەندی بە (رووس و ئینگلیز)ەکان کرد لە (بەغدا و موسڵ) پرۆژەیەکی بۆ ئاڤاکردنی دەوڵەتی کوردی پێشکەشیان کرد (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨٠)، حەسەنی ئاماژە بە دەسەڵاتدارێتی شێخ مەحموود دەکات: دەسەڵاتی شێخ رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندابو لە دوای لە ناوچونی لەشکری تورکی لە عێراق (الحسني، ١٩٨٩، ص٣٠١).

پەیوەندی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان یەك لەو بابەتە گرنگانەیە کە حەسەنی ئاماژەی پێداوە: چۆن شێخ مەحموود هەوڵی نیزیکبوونەوەی داوە لێیان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بە تەسلیمکردنی سلێمانی پێیان، داوای لێیان کردوە بە پێکهێنانی حکومەتێك لە سلێمانی، کە خۆی سەرکردایەتی بکات بە ناوی ئەوانەوە لەژێر ئینتدابی ئەواندا بێت، جگە لەوانە حەسەنی هەڵویستی بەریتانیا لە داواکاریەکەی شێخ مەحموود دیاردەکات ئاماژە بەوە دەکات: دەسەڵاتدارانی بەریتانیا پێخۆشحاڵ بوون بەم داواکاریەی شێخ مەحموود، بینیان شێخ تایبەتمەندی باشی هەیە و شارەزاییەکی باشی لە گوند و ناوچەکانی دەورووبەر هەیە بۆ ئەم پۆستەو پلەوپایە گونجاوە، لە جێگایەکی تر باس لەوە دەکات، شێخ مەحموود چەندین نامەی بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ناردووە، خواستەکانی خۆی تێدا دەربڕیوە بەوەی کوردستان لانەدرێت لە لیستی نەتەوە رزگارکراوەکان (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٧٨؛ ، ٢٠١٣، ص٣٠٠).

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

بەپێی قسەی حەسەنی شێخ مەحموود کرا بەحوکمدار لە سلێمانی لەلایەن ئینگلیز دوای هاتنیان بۆ ناوچەکە، سەبارەت بە شێوەی ئەو حکومەتە کوردییەی لە ژێر سەرپەرشتی ئینگلیز پێکهێنرابوو، بەپێی قسەی حەسەنی سیستەمێکی دەرەبەگایەتی بوو دەڵێت :"سەرۆك هۆزەکان سەرپەرشت بوون لە بەڕێوەبردنی هۆزەکانیان"(الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٧٩).

هاتنی (کولونێل ولسن) حاکمی گشتی لە عێراق بۆ سلێمانی لە کانونی یەکەمی ١٩١٨ بۆ کۆبونەوە لەگەڵ شێخ مەحموود و هەندێك لە سەرکردە کوردەکان بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی کاروباری گشتی کورد نێزیکەی (٦٠) سەرۆك هۆز بە نوێنەرایەتی هۆزە کوردیەکان تێیدا بەشدار بوون، لە نێوانیاندا هەندێك لە سەرۆك هۆزی کوردەکانی ئێرانیش هەبوون، یەك لەو بابەتانە بووە، کە حەسەنی گرنگی پێداوە دەربارەی ئەمە حەسەنی دیاردەکات: هەڵویستی سیاسی و پەیوەندی بەناوچە کوردیەکان تێیدا ڕوونکرایەوە لەو بارەیەوە ولسن دەڵێت: "لە گفتوگۆکردن لە گەڵیاندا گەیشتم بەوەی، کە ئەوان یەکگرتوو نینە لەسەر شێوازی حوکم لەناوچە کوردییەکان، هەندێکیان داوای حکومەتێکی سەربەخۆیان دەکرد...، هەندێکی تر داوایان دەکرد ناوچە کوردییەکان ڕاستەوخۆ بەلەندەنەوە ببەسترێنەوە"، هەروەها دەڵێت: "کۆمەڵێك لە کورد پێیان ڕاگەیاندوە کە ڕازینین بە حکومەتێك لەژێر سەرپەرشتی شێخ مەحموود، بەڵام هیچ پێشنیار و چارەسەری تریان نەدا"(الحسني، ١٩٨٩، ص٣٠٢)، بەڵام لە پەرتووکەکەی ولسن دەربارەی ئەو کۆبونەوەییە هاتووە ولسن دەڵێت" ژمارەیەکی کەم لە سەرکردە کوردەکان بە شێوەیەکی نهێنی بەمنیان ڕاگەیاند ئەوان بەهیچ شێوەیەك ڕازینابن بە شێخ مەحموود وەکو سەرکردەی ناوچەکە"( ویلسن، ١٩٧١، ص١٧٩)، هەروەك (ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨-١٩٦٠) کە هاوچەرخی ئەو ڕووداوانە بووە لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی هۆزە کوردەکان بڕیاریان دابوو لەگەڵ شێخ مەحموود بن، لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەو سەرۆك هۆزانە لەژێر حوکمی شێخ مەحموود داوای یەکخستنی کوردستانی عێراق و ئێرانیان دەکرد" (حیلمی ، ٢٠٢٠، ل ١٠٣)،

شێخ مەحموود یاداشتێکی بە ئیمزای ٤٠ سەرۆك هۆز پێشکەشی ولسن کردبوو، سەرۆك هۆزەکان بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان داوایان پاراستنی کوردستانیان دەکرد لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، حەسەنی ئاماژە بەناوەڕۆکی ئەو یاداشتە دەکات تێیدا هاتووە "کاتێك حکومەتی بەریتانیا نیازی خۆی بۆ ڕزگارکردنی گەلانی ڕۆژهەلات لەدەسەڵاتی تورك و هاوکاری خۆی بۆ ئەو گەلانە ڕاگەیاندوە لە بەرقەرارکردنی سەربەخۆیی خۆیان...، داوایان لە حاکمی مەدەنی عێراق کردبوو

نوێنەریان بۆ بنێرێت لەگەڵ هاوکاری پێویست بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت لەسەر بنەمای مەدەنی پێشبکەوێت لەژێر چاودێری بەریتانیا..." (الحسني، ١٩٨٩، ص٣٠٢).

بەپێی قسەی حەسەنی بەریتانیا سنوری ئەو هۆزە کوردیانە دیاردەکات، کە دەیەوێت لەچوارچێوەی حکومەتی شێخ مەحموود بێت، ئەویش ئەو هۆزە کوردیانەی دەیانەوێت بچنە پاڵ لە(زاب الکبری) هەتا (دیالە)، بێجگە لەوانەی دەکەونە خاکی ئێران، پاشان ئاماژە بەوە دەکات، کە هۆزەکانی (ئاڵتون کوبری کەرکوك ، کفری) ڕازی نەبوون بچنە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود، هەروەها هۆزە ئێرانیەکان حەزیان دەکرت بێنە پاڵ حکومەتی شێخ مەحموود بەڵام ئینگلیز ڕازی نەبوو (الحسني، ١٩٨٩، ص ص ٣٠٢-٣٠٣ )، دوای تێکچونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحموود و بەریتانیا، بەریتانیا چەند ڕێگای گرتەبەر بۆ لاوازکردن دەسەڵاتی شێخ مەحموود، وەکو سەردانی نوئیل بۆ سەرانسەری کوردستان، تاکو لە داخوازی کورد بۆ حوکمی زاتی پشت ڕاست بێت دوای ئەوە بۆ نوئێل ئاشکرابوو، کە خەڵك ڕازی نیە لە حوکمداری شێخ مەحموود، لەبەر ئەوەی لە هێزەکەی دەترسن بۆیە لەگەڵی دانە، دەیانەوێت لە زوڵمەکەی دورکەونەوە، ئەم ڕێکارانەی بەریتانیا بەرامبەر شێخ مەحموود حەسەنی بە ئاشکرا باسی کردینە (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٧٩؛ ٢٠١٣، ص ص٣٠٠-٣٠١ )،ئەمە پروپاگەندەی دەسەڵاتدارانی بەریتانی بوو، حەسەنی ئاماژەی پێدەکات ڕاستە هەندێك ناوچە کوردیەکان و هۆزە کوردیەکان لەحوکمی شێخ مەحموود ڕازی نەبوون، بەڵام زۆربەی لە گەڵی بوو وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

بەپێی قسەی حەسەنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود دژی بەریتانیا شۆرش بوو، بەڵام ئەگەری ئەم شۆرشە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە لەژێر کاریگەری و ئەگەری بەرپابوونی شۆرش لەناوچەکانی تری عێراق بوبێت دەڵێت: "شێخ باوەری هەبوو بەدەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی ئینگلیز لەلایەن ناوچەکانی عێراق و ئامادەبوونیان بەشۆرشکردن دژیان" (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٧٩؛ ٢٠١٣، ص ٣٠١)، بۆیە لەئایاری (١٩١٩) دەستی بەشۆرشێکی گەورە کرد، لێرەدا حەسەنی باسی سەرکەوتنەکانی شێخ مەحموود دەکات، کە لە ٢١ ی ئایار سلێمانی داگیرکرد، ئاڵای تایبەتی خۆی هەڵکرد، خۆی کردە حاکمی گشتی، بەرەو دەربەندی (تاسلوجە) چوو، پاشان بەرەو کەرکوك، دواتر باسی لەناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە دەکات بە سەرکردایەتی جەنەراڵ فریزە (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٧٩؛ ٢٠١٣، ص٣٠١)، جگە لەمانە ئاماژە بەو بەیاننامەیە دەکات، کە بەریتانیا لە ٢٨ی ئایاری ١٩١٩ دەریکردبوو، ناوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە لەسەرگرتنی سلێمانی و ناوچەکانی تر بوو

لەلایەن شێخ مەحموود، لە ناوبردنی بزووتنەوەکە لە لایەن بەریتانیا بە یارمەتی یەکێك لە ئاغاکانی هەمەوەندی لایەنگیرانی بەریتانیا، گرتنی شێخ مەحموود لەگەڵ هەندێك لەلایەنگیرانی، هەروەها ژمارەی کوژراوەکان لەهەردوولا دیاردەکات، لەکۆتایی بەیاننامەکە باس لەسەپاندنی سزای لەسێدارەدان دەکات بەسەر شێخ مەحموود، بەڵام دواتر گۆڕدرا بەدورخستنەوەی بۆ هند، پاشان جارێکی تر ئینگلیز سلێمانی داگیرکردەوە ئەم ناوچەیە ماوە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص ص٢٧٩-٢٨٠؛ ٢٠١٣، ص٣٠١؛ ١٩٨٩، ص ص٣٠٥-٣٠٦).

لێرەدا تاکە سەرچاوەی حەسەنی بەیاننامەی بەریتانیا بوو، واتا تەنها پشتی بەسەرچاوەی بەریتانی بەستووە ئەمەش لەلایەن نوسینەوەی مێژوویی بە لاوازی دادەنرێت.

ئەوەی حەسەنی دەربارەی بزووتنەوەی ساڵی ١٩١٩ بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود دیاریکردووە چەند تێبینیەك بۆمان بەدیار دەکەون، کە بریتین لە: حەسەنی بەشێوەیەکی زانستیانە باسی ئەم بزووتنەوەیە کردوە، هەتا سەرچاوەی کوردی باوەڕپێکراوی بەکارهێناوە وەکو یاداشتەکانی (ڕەفیق حیلمی)، هەروەها یاداشتەکانی (ئەحمەد خواجە) چیم دی، هەروەها بەیاننامەی بەریتانی و پەرتوکەکانی بەریتانیشی بەکارهێناون، واتە بوچونەکەی یەك لایەنانە نەبووە، جگە لەمە ئەم بزووتنەوەیە بە شۆڕش ناودەبات، لایەنگیرانی شێخ مەحموود بە شۆڕشگێر ناودەبات، هەروەها باس لەسەرکەوتنەکانی شێخ مەحموود دەکات، زانیاری بە سوودی دەربارەی ئەم بزووتنەوەیە پێشکەشی خوێنەرانی کردووە.

تەوەری دووەم: بزووتنەوەی شێخ مەحموود ١٩٢٢-١٩٢٧ لە نووسینەکانی حەسەنیدا:

دوای لە ناوبردنی بزووتنەوەی یەکەمی شێخ مەحموود دورخستنەوەی ناوبراو لە سلێمانی تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ چەندین گۆڕانکاری لە کوردستان پەیدابوون، دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق لە ١٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ نوێنەری باڵای بەریتانیا سەرپەرشتی ناوچە کوردیەکانی لەئەستۆ گرت، لەو ماوەیەدا لە چەندین ناوچەی کوردستان ڕووبەڕووبونەوە و توندوتیژی دەستپێیکرد دژی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا وەك ناوچەکانی (هەریر، باتاس، ڕانیە، هەڵەبجە، کەرکوك)، هەروەها هێزی تورکی کەمالی هەوڵیدەدا بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵ، عەلی شەفیق ناسراو بە ئوزدەمیر، بەیارمەتی لایەنگیرە کوردەکانی هاتە (ڕەواندز)، دەستی بەسەری (ڕانیە و کۆیە) داگرت (کوکس، و دوبس، د. ت، ص ص ٦٠- ٦١؛ البیاتی، ٢٠٠٥، ص ص ٢٠٣-٢٠٦ ).

لەناو شاری سلێمانی چەندین نەڕازیبوون دژی بەریتانیا پەیدابوون، داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد، لە ئەنجامدا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ناچاربوون بڕیاربدەن بە گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی، گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی مەرجداربوو کاتێك پێویستیان بەکەسێك بوو، کە کورد لە دەوری کۆبێتەوە بۆ ڕاوەستان دژی تورکە کەمالیەکان و دەرکردنی ئۆزدەمیر و هێزەکەی لە کوردستان، بەرامبەر بەوەی شێخ مەحمود ببێتە حاکمداری کوردستان (شوانی، ٢٠٠٢، ل ل ١٣٩-١٤٠)،شێخ مەحمود لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢بە پێشوازیکردنێکی گەرم گەڕایەوە سلێمانی، دوای گەڕانەوەی بە ماوەیەکی کەم حکومەتی کوردستانی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ دامەزراند، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢خۆی کردە مەلیکی کوردستان و دەوڵەتی کوردی ڕاگەیاند، هەوڵیدا بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی ( صابر، ٢٠٠١، ص ص٢٤٢-٢٤٦)هەر لەم قۆناغەدا پەیوەندی لەگەڵ کەمالیەکان بەستووە، ئەم هەنگاوانەی شێخ مەحمود بوونە قوناغێکی تری تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و بەریتانیا، هەروەها جێبەجێنەکردنی دواکاریەکانی کورد لەلایەن بەریتانیا، ئەمەش هۆکارێکی تری تێکچوونی ئەو پەیوەندییە بووە ( فتح اللة، ٢٠٠٢، ٢٥٩-٢٦٠). دەسەڵاتدارانی بەریتانیا شێخ مەحمودیان بانگکرد بۆ بەغدا، بەڵام ناوبراو بەپێی بانگەوازەکەیان نەچوو (حمدی، ١٩٩١، ص ص ١٦٣-١٦٤)، ئەمەش سەرەتای ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینی دووەمی بوو دژی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، بەریتانی دەستی بەهێرشی لەشکری کرد دژی شێخ مەحمود، لەڕۆژی ٣ی ئاداری ١٩٢٢ فڕۆکەکانی ئینگلیز سلێمانیان بوردومان کرد، شێخ مەحمود ناچاربوو لە ئاداری ١٩٢٣ سلێمانی بەجێ بهێڵێت و ناوچەی سورداش ئەشکەوتی (جاسانە) لە دەوروبەری سلێمانی کردە بنکەی سەرکردایەتی خۆی (ئەحمەد، ٢٠٠١، ل ل ٣٦-٣٧).

بێجگە لەمە بەریتانیا لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٣ ڕەواندزی گرت و هێزی تورکیا بە سەرۆکایەتی ئۆزدەمیر لە ناوچەکە دەرکرد، سەرکەوتنەکانی بەریتانیا بەردەوام بوون تا شاری سلێمانی لە گوڵانی ١٩٢٣ کۆنترۆڵکرد و ئەنجوومەنێکی کارگێری کوردی لە سلێمانی دامەزراند، بەڵام ئەنجوومەنەکە دەستی لەکارکێشایەوە هێزی بەریتانیاش لە ١٩ی حوزەیران لەشارەکەدا کشانەوە، بەم شێوەیە جارێکی تر دەرفەت بۆ شێخ مەحمود پەیدابوو لە حوزەیرانی ١٩٢٣ سلێمانی بگرێت، حکومەتێکی کوردی بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێی لە سلێمانی دامەزراند (منتشاشفیلي، ١٩٧٨، ص ص٣٢٦-٣٢٨؛ ، مكدول، ٢٠٠٤، ص٢٧٠). جارێکی تر شێخ مەحمود هەوڵیدا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی، کە لە سلێمانی جیاکرابوونەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر بەریتانیەکان هەوڵبدەن بۆ لەناوبردنی

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

دەسەڵاتەکەی، لەئەنجامی زۆری بوردومانەکانی ئینگلیز بۆ سەر سلێمانی، لە تەمموزی ١٩٢٤شێخ مەحموود ناچاربوو سلێمانی بەجێ بهێلێت بەرە و ناوچەی شارباژێر لە سنوری عێراق و ئێران بچێت، لە ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٢٧ ململانێی لەشکری شێخ مەحموود لەگەڵ لەشکری بەریتانیا و عێراق بەردەوام بوو تارێکەوتنی ساڵی ١٩٢٧ لە نێوانیاندا مۆرکرا(شوانی، ٢٠٠٢، ل ل ١٧٥-١٧٧).

جارێکی تر حەسەنی دەگەڕێتەوە سەر بابەتی شێخ مەحموود ئەمەش تەواوکەری بابەتی ترە لە ساڵی ١٩٢٢دەست پێدەکات، تا مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەنێوانیاندا ساڵی ١٩٢٧بە جۆرێك لە سێ پەرتووکی باسی ئەم بابەتە دەکات هەروەك پێشەوە ئاماژەمان بەو پەرتووکانە کرت.

نووسەر گەڕاندنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی لەلایەن بەریتانیا، بۆ چەند هۆکار دەگەڕێنێتەوە لەوانە: بۆ سوود وەرگرتن لە دەسەڵاتی شێخ مەحموود ئەویش دەرئەنجامی زۆربوونی توندوتیژی لە سلێمانی و دەوروبەری، گرانی حوکمرانیان بەریتانیا لە کوردستاندا، گەیشتنی هێزێکی تورکی لە حوزەیرانی ١٩١٩ بە سەرکردایەتی فەرماندەی تورکی ئۆزدەمیر بۆ کوردستان فراوانخوازی لایەنگیرانی لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی، ڕاپەرینی هۆزی هەماوەند دژی دەسەڵاتی بەریتانیا، ئارەزووی خەلکی سلێمانی و ئەنجومەنی میللی سلێمانی داوا کردنیان بە گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ نیشتمانەکەی بۆیە بەریتانیا سەرلەنوێ بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەسلێمانی، شێخ مەحموودی گەڕاندەوە بەم شێوەیە بەرێز و شکۆ گەڕایەوە سلێمانی (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨١؛ ١٩٨٩، ص ٣٠٦) هەروەها حەسەنی بە ئاشکرا ئاماژەی بەوە دەکات، کە شێخ مەحموود بۆتە حاکمی گشتی ناوچەی سلێمانی و چەندین وەزیر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە دەستنیشانکران، پاشان حەسەنی دەڵێت"لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ شێخ مەحموود نازناوی مەلیکی کوردستانی لە خۆنا" (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨١).

دەربارەی ئەو بەیاننامە هاوبەشەی، کە هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە ٢٤ ی کانونی یەکەمی١٩٢٢ دەریان کردبوو، حەسەنی هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و دانانی سنورێك بۆ بزووتنەوەکانی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردەکان، کە بەرژەوەندییە ڕەواکانیان پشتگوێ ناخرێت، لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە هاتووە "حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دان دەنێن بەمافی ئەو کورانەی نیشتەجێی سنوری عێراقن، بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەو ناوچانەی کە کورد تێدا زۆرینەن، هیوادارن کە پێکهاتە کوردە جیاوازەکان بەزووترین کات لەناوخۆیاندا بگەنە ڕێکەوتنێك، لەسەر شێوەی ئەو

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

حکومەتەی ئارەزووی ئەکەن و لەو سنورەی دەیانەوێت درێژبێتەوە، نوێنەرە فەرمیەکانیان بنێرن بۆ بەغداد، بۆ باسکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا و عێراق"، ئەگەر لەناوەڕۆکی بەیاننامەکە وردبینەوە دەبینین حکوومەتی بەریتانیا و عێراق ڕاستگۆنەبون دەربارەی دروستکردنی حکومەتی کوردی. حەسەنیش هەمان بۆچوونی هەیە کە دەڵێت: "کەس گوێی لەم بەڵێنە فەرمیە نەگرت" (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨٢؛ ، ١٩٨٩، ص ص ٣٠٧-٣٠٨؛ ، ٢٠١٣، ص٣٠٣).

جگە لەمانە حەسەنی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان شێخ مەحموود و بەریتانیا بۆ چەند هۆکار دەگەڕێنێتەوە لەوانە: هەوڵەکانی شێخ مەحموود بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی دوای ئەوەی خۆی کردە مەلیکی کوردستان، هەوڵدانی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی لە هەردوو لیوای کەرکوك و هەولێر، هێرشی شێخ مەحموود بۆ سەر کەرکوك بە هۆکاری تری تێکچوونی ئەو پەیوەندییە دادەنرێت بۆ ئەمەش پشت بە ڕاپۆرتێکی تایبەتی بەریتانی دەبەستێت، کە تێدا هاتووە "فیلبازیەکانی"(بەپێی قسەی حەسەنی)، شێخ مەحموود لەگەڵ هۆزەکانی "تێکدەر" لەزیادبوون دابوو هەتا هەردوولا ڕێکەوتن هێرشیان کردە سەر کەرکووك و خستیانە پاڵ حکومەتی شێخ مەحموود لە سلێمانی" (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص٢٨١؛ ١٩٨٩، ص ص ٣٠٦-٣٠٨ ).

شێوازێکی تری نووسینی حەسەنی ناچۆنیەکیە لە نووسینەکانی، لە زۆر جێگا بۆ نموونە بزووتنەوەی ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ شێخ مەحموود وەکو بزووتنەوەیەکی دژی یەکێتی خاکی عێراق ناو دەبات، شێخ مەحموود وەکو کەسێکی دەرکەوتوو لەیاسا دادەنێت، بۆ ئەمەش پشت بەڕاپۆرتێکی تایبەتی بەریتانی دەبەستێت ڕاپۆرتەکە دیاردەکات" ئەم بزووتنەوەیە مەترسیە لەسەر یەکێتی خاکی عێراق" (الحسني، ١٩٨٩، ص٣٠٨). بەڵام لەجێگایەکی تردا داخوازیەکانی کورد دیاردەکات، ئەو داخوازیانەی کورد، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ١١ی تەمموزی ١٩٢٣ لە ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی بڕیاری لەسەر دابوو: وەکو داخوازیی زمانەوانی و کارگێڕیەکانیان پاراستنی مافە نەتەوەیی و ئاینەکانیان (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ٢٨٢؛ ١٩٨٩، ص٣٠٨).

ئەو ململانێیەی شێخ مەحموود و بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٤، کە هەندێك جار شێخ مەحموود سلێمانی گرتووە هەندێك جار لەبەر هێرشی بەریتانیا سلێمانی جێ هێشتووە، حەسەنی بەئاشکرا باسیکردووە هەتا ئاماژەی بەوە کردووە، کە پاش بەریتانیا دووبارە لەشکری عێراق سلێمانی داگیرکرد لە هاوینی ١٩٢٤، حەسەنی گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بۆ سلێمانی

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

بەگەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش دادەنێت بۆ ناوچەکە، باس لەوە دەکات کارگێری نەتەوەیی و کارگێری حکوومەتی عێراق دامەزران لە ناوچەکە کەسایەتیەکی کوردی کرا موتەسەرفی لیوای سلێمانی، ئەمن و ئاسایش جێگیر بوو لە ناوچەکە (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص ص٢٨٠-٢٨٢؛ ٢٠١٣، ص٣٠١؛ ، ١٩٨٩، ص٣٠٨)، حەسەنی باس لەوە دەکات حکومەت چاکسازی لە ناوچەکەدا کردن، لەو چاکسازیانە: ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، چاککردنی ڕێگاوبان، دەرکردنی یاسایی پێویست، هاوکاریکردنی دارایی بۆ نەخۆشەکان، دروستکردنی قەلاکان (الحسنی، ج١، ١٩٨٨، ص ص٢٨٢-٢٨٣).

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی عێراق کە لە ١٣ ی حوزەیرانی١٩٢٥ دەرکراوە تییدا پێشنیارکراوە "خەڵاتێك بۆ کوشتن یان دەستگیرکردنی هەندێك کەس لە سلێمانی دانراوە، پێشنیارکراوە نرخی خەڵاتەکە سەد هەزار ڕۆبیەیە... بۆ گرتن و کوشتنی شێخ مەحموود و هەریەك لە کریم فتاح بە گ و صابر ...". حەسەنی ئاماژە بەم بڕیارە دەدات و دیاردەکات لەسەر پێشنیاری مەندوبی سامی بەریتانی ئەم بڕیارە دەرکراوە (الحسني، ١٩٨٩، ص٣٠٩)، لێرەدا پێداگری بەریتانیا بۆ گرتنی شێخ مەحموود لە سەر حکومەتی عێراق دیار و ئاشکرایە بە بۆچوونی نووسەر شێخ مەحموود کارتێکردنی لە سەر دەسەڵاتداریی بەریتانیا کردووە لە بەر بابەتی کێشەی موسڵ.

جگە لە حکومەتی بەریتانیا وا دیارە بزووتنەوەی شێخ مەحموود کاریگەری کردوتە سەر حکومەتی عێراقیش هەروەك حەسەنی ئاشکرا دەکات بەڵام بزووتنەوەکە بە 'یاخیبوون" دادەنێت ئاماژە بەوە دەکات، یاخیبونی شێخ مەحموود سەرکردەی کوردی بەناوبانگ بیری وەزارەتەکانی عیراقی مەشغول کردبوو، ڕایکردبوو لەکردنی چاکسازی لە لیوای سلێمانی چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لەلایەن حکومەت دەربارەی پرسی ئەم سەرکردەیە گێردرا، زۆربەیان شکستیان هێنا (الحسني، ج٢ ،١٩٨٨، ص١٢٠)، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ دەبێت بزووتنەوەی شێخ مەحموود یاخیبون بێت؟ بزووتنەوەکە داوای چیکردوە لەپێناوی چی بووە؟ بەپێی لێکدانەوەی ڕووداوەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە، بزووتنەوەی شێخ مەحموود یاخیبوون نەبوو بەڵکو هەوڵدان بوو بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، پشتگوێ خستنی ئەو مافانە لەلایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق (منتشاشفیلي، ١٩٧٨، ص ٣٢٦؛ صابر، ٢٠٠١، ص٢٣٤).

وردەکاریەکانی ڕێکەوتنی شێخ مەحموود لەگەڵ بەریتانیا و عێراق ساڵی ١٩٢٦ ڕەنگدانەوە لە نووسینەکانی حەسەنیدا هەبووە لەم بوارەدا دیاردەکات، لە ٤ی ئەیلول ١٩٢٦ هەریەك لە ڕاوێژکاری

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

وەزیری ناوخۆ مستر (کورنوالیس- Cornuals) سکرتێری معتمد سامی کابتن (هوڵت – C.Holt) لێگەری کارگێری بەریتانی لە لیوای سلێمانی سەردانی مەرکەزی ناحیەی خورمالیان کرد، لەگەڵ شێخ مەحموود کۆبوونەوە، بۆ دانانی مەرج تاکو دووبارە ئەمن و سیستەم بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ڕێگیرکردن لە شێخ مەحموود لە دەست تێوەردان لە سیاسەتی حکومەت، هەروەها باسی ئەو بنەمایانە دەکات کە لە وتووێژەکاندا پێی گەیشتن، کە لەلایەن حکومەت پێشکەشکرابون بۆ شێخ مەحموود لە ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ (الحسني، ج٢ ،١٩٨٨، ص١٢٠، ١٩٨٩، ص٣١٠)، بەڵام حەسەنی باسی خواستەکانی شێخ مەحموود ناکات کە لەو کۆبوونەوەیەدا داوای کردبوون و پەیوەندیان بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەبوو، شێخ مەحموود داوای کردبوو حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا دروست بکرێت (ئەمین، ٢٠٠٢، ل٥٥).

جگە لەوە حەسەنی ئاماژە بە هۆکاری بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە ناکات لەگەڵ شێخ مەحموود، کە بەپێی سەرچاوەکانی بەردەست، لە دوای بە دیل گرتنی دوو فرۆکەوانی ئینگلیزی لەلایەن شێخ مەحموود ناوبراو ویستی ئەمە بکاتە هۆی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیز، دوای چەندین نامە و نێردراو لەنێوانیاندا، دەرئەنجام وا ڕێکەوتن مەندوبی سامی بۆ بینینی شێخ مەحموود بێتە خورماڵ مەبەستی سەرەکی مەندوبی سامی لەم بینینەدا ئازادکردنی دیلەکان بوو نەك گفتوگۆی سیاسی (حمدی، ١٩٩١، ص ص٢٠١-٢٠٢؛ ئەمین، ٢٠٠٢، ل٥٤؛ عبداللە، ٢٠٢١، ص١٠٣)، چونی شێخ ئەحمەد بەرزنجی نوێنەری شێخ مەحموود بۆ بەغداد لە ٢٢ ئەیلولی ١٩٢٦ بۆ بابەتی ڕێکەوتنامەکە، داخوازیەکانی شێخ مەحموود بۆ بەریتانی لەناو نووسینەکانی حەسەنی جێگای خۆیان کردۆتەوە تێیدا هاتووە: من ئامادەم ئەم مەرجانە، ئیمزا بکەم بەڵام بە مەرجی جێبەجێکردنی ئەم داواکاریانە ئەویش"ئەو بەڵێنانەی کە بەریتانیا داویانە بە کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە داخوازییەکانی کورد و مافە سیاسیە ڕەواکانیان ... پێویستە بەلایەنی کەم ناحیەی پێنجوین دەستبەرداری من بکەن، تاکو ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانەی پاڵپشتی بیروڕاکانی من دەکەن سەبارەت بە مافەکانی میللی کورد"، معتمد سامی بەم جۆرە وەڵامی ئەم داواکاریانەی داوەوە "کۆمەڵەی گەلان دان پێدادانی بە داخوازیەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی نەکردووە بەڵام دیاریکردوە پێویستە داخوازیەکانی کورد لە بەرچاوبگیرێت، فەرمانبەری کورد لەناوچە کوردیەکان دابنرێن، زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە ناوچەکە، حکومەتی بەریتانیا و عێراق بەم مەرجانە ڕازیبوون..." (الحسني، ج٢ ،١٩٨٨، ص١٢١، ٢٠١٣، ص ص٣٠١-٣٠٢)،

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

هەر دەبارەی ئەم بابەتە حەسەنی باسی راپۆرتێکی بەریتانیا دەکات، کە بەرزکرابوە بۆ کومەڵەی گەلان ساڵی ١٩٢٧، باس لە چونی نوێنەری شێخ دەکات بۆ بەغدا بۆ دانوستاندن دەربارەی کۆتایی هێنانی کێشەی نێوان حکومەت و شێخ مەحموود، هەروەها باس لە مەرجەکانی شێخ مەحموود دەکات بۆ مۆرکردن لەسەر مەرجەکانی حکومەت، مەرجی شێخ مەحموود رێگای پێبدرێت کە پێنجوین و دورووبەری سەربەخۆ بکاربهێنێت، هەروەها راپۆرتەکە باس لە هێرشی حکومەت دەکات بۆ سەر پێنجوین و لە ٢٣ نیسانی١٩٢٧، راپۆرتەکە ئاماژە بە زیانەکانی هێزی حکومەت دەکات بە چوار کوشتار و پێنج بریندار لە قەڵەم دەدات، بەڵام ئاماژە بە لەدەستدانی هێزەکانی شێخ مەحموود ناکات. دواتر دێتە سەر باسی چونی شێخ مەحموود بۆ بەغداد لە ٥ی تەمموز ١٩٢٧ و گازندەکردنی دەربارەی مانەوەی لە ئێران، معتمد سامی مافی هەڵبژاردنی پێداوە کە بمێنێت لە موسل یان بەغدا، بەڵام شێخ مەحموود بریاری گەرانەوەی دا بۆ ئێران (الحسني، ج٢ ،١٩٨٨، ص ص١٢٢-١٢٣)

لەو تێروانینەی سەرەوە دەربارەی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود ١٩٢٢-١٩٢٦ بۆمان بەدیاردەکەوێت:

-ئەوەی لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە، کە حەسەنی تەنیا هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا و عێراقی دەربارەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود دیاریکردووە، هەروەها باسی کارەکانی لەشکری حکومەتی عێراق و بەریتانیای کردووە، بە پێچەوانەوە باسی کارەکانی لەشکری شێخ مەحموود و سەرکەوتنەکانی دەسەڵاتداریەکەی لە سەر شاری سلێمانی و پێنجوین، ئێخسیرکردنی دوو فرۆکەوانی بەریتانی لە نوسینەکانیدا نەهاتووە (حمدی، ١٩٩١، ص ص٢٠١-٢٠٢؛ ، صابر، ٢٠٠١، ص٢٥٣)، بەڵکو حەسەنی تەنیا زمانحالی حکومەت بووە بەپێی هەڵوێستی حکومەتی بریاری لە بزووتنەوەکەدا داوە.

- حەسەنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود بە کاری نارەوا و یاخیبون و هەروەها مەترسی بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق دادەنێت، بەڵام ئەگەر لە رووداوەکانی بزوتنەوەکە بکۆڵینەوە، هەتا لە نوسینی حەسەنیشدا بۆمان روون دەبێتەوە، کە بزوتنەوەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد بووە، شێخ مەحموود داوای کردووە بەجێبەجێکردنی بریارەکانی کۆمەڵەی گەلان دەربارەی مافی کورد بەڵام داواکاریەکەی رەتکراوەتەوە، دواتر شَخ مەحموود داوای کەمترین مافی بۆ خۆیی و لایەنگیرانی کردوە، ئەویش نیشتەجێبونە لە پێنجوین بەڵام ئەم مافەشی رەتکراوەتەوە، کەوا بۆ دەبێت بزووتنەوەکەی کارێکی نارەوابێت؟ بەڵام جێبەجێنەکردنی داواکاریەکانی کارێکی رەوا بێت.

JOBS
مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

هەروەها ناچۆنیەکی لە بۆچونەکانی حەسەنیدا هەیە دەربارەی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود لەکاتێکدا ئەم بزووتنەوەیە بەیاخیبون دادەنێت، بەڵام بزووتنەوەی یەکەمی کەپێشتر باسمان کرد بە شۆڕش دادەنێت، بەپێی لێکدانەوەکان بۆ نوسینەکانی ئەوە بەدیاردەکەوێت، چونکە کەسێکی نەتەوەیی بووە کەوتۆتە ژێر کاریگەری نەتەوەیی هەروەها زمانحالی حکومەت بووە، وەکو دیارە کە بزووتنەوەی یەکەم دژی بەریتانیا بووە بەڵام ئەم بزووتنەوەیە دژی حکومەتی عێراق و بەریتانیا بووە .

هەروەها حەسەنی بیروڕای جیاوازی هەیە دەربارەی لایەنگیرانی شێخ مەحموود لە نووسینەکانیدا لە هەندێك جێگا بە شۆڕشگێر ناویان دەبات هەندێك جار بە "چەتەکان".

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستون بۆ نوسینەکانی ئەم بابەتە : بەیاننامەکانی حکومەتی عێراق و بەریتانیا، هەروەها ڕاپۆرتەکانی حکومەتی بەریتانیا، لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕۆژنامەکانی حکومەت واتا نوسینی یەکلایەنانە بووە.

تەوەرەی سێیەم:ڕووداوی ڕۆژی ڕەش(٦ی ئەیلول ١٩٣٠) بزووتنەوەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٣٠ لە نووسینەکانی حەسەنیدا:

دوای ئەوەی حکومەتی نوری سەعید لە یەکی تەمموزی ١٩٣٠ بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ڕاگەیاندنی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنێکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران ئەرکی ئەم ئەنجومەنە مۆرکردنی پەیماننامەی ١٩٣٠بێت (البارزاني، ٢٠٠٢، ص٣٣)، وەکو زانراوە ئەم پەیماننامەیە توشی بەرهەڵستی توند بوو لەسەرانسەری عێراق بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان، سەرەڕای بوونی هۆکاری جیاواز چونکە پەیماننامەکە بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بە مافەکانی کورد نەدرابوو، بۆیە خەڵکی سلێمانی بڕیاریاندا بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا نەکەن، بەڵام کاربەدەستانی بەریتانیاو عێراق ئەیانویست بەهەر شێوەیەك بێت هەڵبژاردن لە سلێمانی بکرێت (ئەمین، ٢٠٠٢، ل٨٢؛ صابر ، ٢٠٠٦، ص ص١٥٣-١٥٤)، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٥ی ئەیلولی ١٩٣٠ دەسەڵاتدارانی حکومەت دەستەی پشکنینی ڕاسپارد بۆ کارکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی دواتر لە ڕۆژی ٦ی ئەیلول حکومەت ٣٠ ی کەسی ناوداری سلێمانی بانگ کرد بۆ ئامادەبوون لە بارەگای حکومەت لە (سەرا) بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری دەستەی پشکنین لەنێوانیاندا بەپێی یاسای هەڵبژاردن (ستجادی، ٢٠١٧، ل١١٠؛ ، البياتي ٢٠١٠، ص١٤٣).

لەکاتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکان ئەوانەی بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنیان دابوو ئەو بایکۆتکردنە گۆڕا بۆ خۆپێشاندان دژی هەڵبژاردنەکان لەسەرا، دواتر گرژی و ئاڵۆزی هەموو شاری

گرتەوە قوتابخانە و بازار داخران، خۆپیشاندەران داوای جێبەجێکردنی مافەکانی کوردیان دەکرد و ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی ١٩٣٠، بەڵام خۆپیشاندەران توشی بەرهەڵستی توند بوون لەلایەن هێزەکانی حکومەت بۆیە ئەم ڕۆژە کارتێکردنێکی گەورەی لە کورد کرد ناسرا بەڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول (منتشاشفیلي، ١٩٧٨، ص ص٣٣٦-٣٣٧؛ ، ئەمین ، ب.م، ل٦٠).

حەسەنی گرنکی بەم بابەتە دەدات لە سێ پەرتووکی خۆی ئاماژە بەم بابەتە دەکات، لە پەرتووکی (تاريخ الوزارات العراقيه، ج٣ ) ناوی بابەتە دەکاتە "پێکدادان لە سلێمانی"، "القتال في سليمانيه" هەروەها لە پەرتووکی (العراق في دوري الاحتلال والانتداب، ج١)باسی بابەتەکە دەکات لەژێر ناوی "گرژی و ئالۆزی لە سلێمانی"الاضطرابات في السليمانية " بەڵام لە پەرتووکی (تاريخ العراق السياسى الحديث،ج٣) ئاماژەیەکی کورتی دەداتێ.

بەپێی بۆچوونی حەسەنی، کە لە پەرتووکی (تاريخ الوزارات العراقيه، ج٣ )هاتووە هۆکاری ئەم خۆپێشاندانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕازینەبوونی کوردەکان بە پەیماننامەی حوزەیرانی ١٩٣٠ چونکە ئاماژەی بەو ئیمتیازاتانە نە دابوو، کە ئینگلیزەکان بەڵێنیان پێدابوون بۆیە بڕیارياندا بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران نەکەن، کە ئەرکی مۆرکردنی ئەم پەیماننامەی لەئەستۆ گرتبوو (الحسني، ج٣ ،١٩٨٨، ص٧٠) بەڵام بەپێی لێکدانەوە و لە سەرچاوەکانی تریش بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمە هۆکاری ڕاستەوخۆ بوو بەڵام جگە لەم هۆکارە چەند هۆکاری ناڕاستەوخۆش هەبوون حەسەنی ئاماژەیان پێنەداوە، وەکو ئەو بارودۆخە ناڵەبارەی کە ناوچەی سلێمانی گرتبووەوە دەرئەنجامی ئەو ڕێ و شوێنە توندانەی، کە حکومەتی عێراق گرتبویە بەری دژی داخوازیەکانی خەڵکی ناوچەکە و دورخستنەوەی شێخ مەحموود لە ناوچەکە، سەرەڕای ئەو بڕیارانەی حکومەت دەربارەی دورخستنەوەی نەتەوە پەروەرانی کورد لەکارەکانیان لەنێوانیاندا (تەوفیق وەهبی ١٨٩١- ١٩٨٤) موتەسەریفی سلێمانی (ئەمین ، ب.م، ل٥١؛ الاتروشي، ٢٠٠٥، ص١٤٣).

ئەوی جێگای باسکردنە حەسەنی بۆ باسکردنی ئەم ڕووداوە تەنها پشت بە بەیاننامەکانی حکومەت دەبەستێت، بێ ئەوەی هەوڵبدات بۆ زانینی ڕاستیەکان دەربارەی ڕووداوەکە یان هەوڵبدات پەیوەندی بە کەسانی بەشدار لە ڕووداوەکە یان کەسانی نێزیکی ڕووداوەکە بکات یان هەتا بەکارهێنانی سەرچاوەی جۆراوجۆر دەربارەی بابەتەکە، بەڵام وادیارە ئەو بەیاننامەی حکومەتی پێ ڕاستە دەربارەی ڕووداوەکە هەروەك خۆی دەڵێت:"لەبەر ئەوەی پیلانەکەمان لە باسکردنی ڕووداوەکان پشت بەستنە بە بەڵگەنامە و موستەنەدات بینیمان، کە بەجێی بهێڵین بۆ بەیاننامەی حکومەت کە لە

٢١ ی ئەیلولی ١٩٣٠ دەرچوە ڕووداوی ناوبراو شیبكاتەوە، چونكە بەپێی ئەم شیكردنەوەیە پێویست ناكات سەیری سەرچاوەی تر بكەین بۆ ڕووداوەكە" بەڵام ئەمە لە ڕێبازی لێكۆڵینەوەدا دروست نییە، هەروەها بەپێی لێكدانەوە و شیكردنەوەی ڕووداوەكان و وردبوونەوە لێی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە ئەو بەیاننامانە زۆر توند بووە بەرامبەر ڕووداوەكانی خۆپیشاندانەكان لەبەر ئەوەی بۆچوونی حكومەت بووە (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص٧٠).

حەسەنی خۆپێشاندەران بە گێرە شوێن دەرچوو لە یاسا لە قەڵەم دەدات (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص ص٧٠-٧١)، بەڵام بە پێی لێكدانەوەی سەرچاوەكانی تر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كە دەستەی پێشەنگی ئەم ڕاپەرینە بڕوایان بە توندوتیژی نەبووە و نەیانویستوە ڕاپەرینەكە تەشەنەبكات بۆ بزووتنەوەی چەكداری، هەتا پەیوەندیان بەشێخ مەحموود نەكردووە، ئەمە لەلایەك لەلایەكی تر كەسانی بەشدار لە ڕووداوەكە كەسانی چەكدارنەبوون، بەڵكو ڕاپەڕینێكی میللی بوو سەركردەكانی ڕاپەرینەكە ماموستا و قوتابی و كاسبكاربوون، داوای جێبەجێكردنی مافە شەرعیەكانیان دەكرد (سەجادی، ٢٠١٧، ل١١٠؛ ئەمین ، ب.م، ل٥٤؛ شوانی، ٢٠٠٢، ل ل٢٣٩-٢٤١)، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش كەسانی بەشدار لە خۆپێشاندانەكە كەسانی چەكدار نەبووینە هەروەكو حەسەنی خۆی ئەمە دوویاتدەكاتەوە ئاماژە بەوە دەكات، ژمارەیەك لە "گێرەشێوێن" كورسی قاوەخانەیان بەكارهێنا وەكو چەك دژی پۆلیس، ژمارەیەك لێیان بریندارببوون بۆیە بەدیاركەوت پێویستی بەهێز هەیە بۆیە پۆلیس داوای هێزێكی چەكداری كرد (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص٧١)،هەرچەندە حەسەنی ئاماژە بە هۆكاری پشت ڕووداوەكە ناكات، بەڵام ڕاستی ڕووداوەكە بەم شێوەیە بوو، كە یەكێك لەخۆپێشاندەران ناوی (نوری ئەفەندی) بوو تووشی بێ ڕێزی بوو لەلایەن یەكێك لە پۆلیسەكان، كە قسەی توند و نەشیاوی پێ وترا، بۆیە هەڵسا بە بەكارهێنانی كورسی قاوەخانەكە دژی دواتر خۆپێشاندەرانی تریش كورسیان دژی پۆلیس بەكارهێنا (صابر ، ٢٠٠٦، ص١٥٩)، حەسەنی باس لەوە دەكات خۆپێشاندەران هەڕەشەی تاڵانكردنیان لە زیندانی شار و ناوەندی چەك دەكرد، بەڵام لە ڕاستیدا لەكاتی خۆپێشاندانداندا، هەندێك كەس بەنیازبوون هەڵكوتنە سەر زیندانیەكەی سەرا و زیندانیەكان بەرەڵابكەن بەڵام ڕابەرانی خۆپێشاندەران ڕێگایان نەدا سنورێكیان بۆ دانا (الحسني ، ٢٠١٣، ص٣١١؛ شوانی، ٢٠٠٢، ل٢٤٢).

ئەوەی جێگای سەرنجە حەسەنی بەپشت بەستن بە بەیاننامەیەكی حكومەت جەماوەری خۆپیشاندەران تاوانبار دەكات بە دەست پێشخەری تەقەكردن هەروەك ئاماژە بەوە دەكات، تێكدەرەكان

بەداری گەورەو بە بەرد و مێز و کورسی هێرشیان کردە سەر سەربازەکان، هەرکاتێك سەربازەکان بە هێواشی نێزیك دەبوونەوە، لەم کاتەدا دەنگی گولە هات سەربازێکی عێراقی کوژرا چەند گولەی تر هاتنە تەقاندن دوو سەرباز بریندابوون بۆیە سەربازەکان دەستیان بە تەقاندنی گولە کرد بڵاوەیان بە خەلك کرت(الحسني، ج٣ ،١٩٨٨، ص٧١)، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام بیرۆکەی نێزیکتر لەڕاستی، ئەوەیە حکومەت دەستپێشخەر بووە لەتەقەکردن نەك خەلك، ئەو هەموو کوژراوەی لێکەوتەوە، کاتێك حکومەت زانی ناتوانێت بەسەر خۆپێشاندەران زاڵ بێت داوای تیپێکی سەربازیان کرد بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان سەربازەکان لەگەڵ گەیشتنیان بۆ سەرا دەستیان کرد بە تەقەکردن لەخەڵك لەو کاتەدا سەربازەکان بە فەرمانی ئەفسەرێکی عەرەبی توندڕەو دژ بە کورد تەقەیان لە خەڵك کرد (صابر ، ٢٠٠٦، ص ص١٥٨-١٦٥؛ ، شوانی، ٢٠٠٢، ل٢٤٢ ) .

ناچۆنیەکی لە نووسینەکانی حەسەنیدا بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە، لەبەرئەوەی حەسەنی لە دوو پەرتووکی تریدا سەبارەت بە هەمان بابەت هەمان بۆچوونی نیە، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکات کە هێزی حکومەت دەستپێشخەر بووە لەتەقەکردن لەخۆپیشاندەران، لەو بارەیەوە دەڵێت: "کاتێك دەسەڵات داوای هێزی سەربازی کرد بۆ لەناوبردنی خۆپیشاندەران بەڵام نەیتوانی بەسەریاندا زاڵبێت، بۆیە هێزی بەکارهێنا لەئەنجامدا بوە هۆی کۆشتنی(١٤) کەس و سەربازێك" (الحسني، ١٩٨٩، ص٣١٣؛ ٢٠١٣، ص٣١١).

ئەوەی جێگای سەرنجە، کە حەسەنی لەجێگایەکی تر ئەم ڕووداوە بە تراژیدیا ناو دەبات، هەروەکو دەڵێت:"هەتا سەرۆك وەزیرانی عەرەب ئەم ڕووداوەی وەسفکردوە وەکو ڕووداوی "کەربەلای مێژوویی"()، دواتر هەر دەربارەی ئەم بابەتە حەسەنی دێتە سەر داواکاریەکانی کورد، ئاماژە بەوە دەکات دەرئەنجامی ئەم ڕووداوە تراژیدیایە کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان چەندین یاداشتیان بۆ کۆمەڵەی گەلان نارد ئیدانەی ئەو زوڵمەیان دەکرد، کە بەکارهێنراوە لە کوژاندنەوەی خۆپیشاندان دووپاتیانکردەوە لەسەر پێدانی ئەو مافانەی کورد، کە بەڵێنیان پێدابوون باسی ئەو یاداشتە دەکات، کە لەلایەن هەندێك کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان نێردرابوو بۆ مەندوبی سامی بەریتانی فرنسیس (همفریز- Francis Humphrys) لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ کە تێیدا پەیماننامەکەیان شەرمەزارکرد، هەموویان بەیەك دەنگ داوای مافەکانیان دەکرد، دیاریانکرد کە وەڵامی دەسەڵاتدارانی حکومەت دەربارەی داواکاریەکانیان تەپەسەرکردنی ڕاپەرینی ٦ ی ئەیلولی سلێمانی بوو بەشێوەیەکی زڵم و زۆردارانە، وەڵامی کوردەکان بەرامبەر ئەم کارەی حکومەت جوداببوون بوو بەشێوەیەکی

هەمیشەیی لە عەرەب، هەروەها داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد، کە حکومەتی عێراق ڕازیبکات بەم پرۆژە داواکاریانە: دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە چوارچێوەی سنوری سروشتی لە زاخۆ تا خانەقین، مانەوەی ئەو ناوچەی ناوبراو لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا وەکو دەوڵەتێکی کوردی تا کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەم بارەیەوە دەدات، بەردانی زیندانیان و دورخراوەکانی ڕاپەڕینی سلێمانی، گواستنەوەی هەموو فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە عەرەبیەکان بۆ ناوچەی کوردی (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص٧٢،ص ص٦٦-٦٧).

لە نوسینەکانی حەسەنیدا دەربارەی ئەم بابەتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە حەسەنی تەنیا پشتی بە بەیاننامەکانی حکومەت بەستوە کە دەربارەی ئەو ڕووداوە دەرکراون هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، خۆشی دان بەوە دادەنێت، هەروەها بوونی ناچۆنیەکی لە نووسینەکانی دەربارەی ئەم بابەتە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حەسەنی تەنیا گوازرەوەی هەواڵ و تۆمارکەری ڕووداو بووە لە سەر بابەتەکە، بێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ ڕووداوەکان بکات، هەتا بوونی ناچۆنیەکی لە نوسینەکانیدا دەربارەی خۆپیشاندەران بەدیدەکرێت لەهەندێك جێگادا بەگێرە شێوێن و تێکدەر ناویان دەبات بۆ ئەمەش پشتی بە بەیاننامەکانی حکومەت بەستووە، بەڵام لەهەندێك جێگادا بە خەڵکی ئاسایی ناویان دەبات.

کاتێك ڕووداوی ڕۆژی ڕەش پەیدابوو، شێخ مەحموود لە دەرەوەی کوردستان لەسەر سنوری ئێران لە گوندی پیران دەژیا، بەڵام ڕووداوەکانی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی جارێکی تر شێخ مەحموودیان پاڵدا بەرەو سلێمانی بێت، هەرچەندە حکومەت داوای لە شێخ مەحموود کرد ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٢٧ نەشکێنێت، بەڵام شێخ مەحموود گوێ بەمە نەدا، جارێکی تر بزووتنەوەی بەرپاکرد دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کورد لەدەوروبەری کۆبونەوە، ناوچەیەکی فراوانی لە دەشتی گەرمیان گرت (خورماڵ و پێنجوین و کفری) گرت هەتا گەیشتە دەوروبەری کەرکوک، داوای لەحکومەتی بەریتانیا کرد بەدروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا (ئەمین، ٢٠٠٢، ل٨٢؛ عقلی، ٢٠١٠، ل ل٢٢٠-٢٢٦)، دوای  نزیکی شەش مانگ لە شەڕ و ململانێ لەگەڵ حکومەتی عێراق بەپاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا، دواجار لە شەڕێکی دژوار لە گوندی (ئاوباریك) لە ٥ ی نیسانی١٩٣١ لە ڕۆژهەلاتی دوزخورماتوو تووشی شکستن بوو کشایەوە ناو خاکی ئێران، بەڵام لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ئێران و عێراق بەریتانیا شێخ مەحموود ناچاربوو جارێکی

تر خۆی رادەستی حکومەتی عێراق بکاتەوە، دواتر لەلایەن حکوومەتی عێراق دورخرایەوە بۆ خواروی عێراق (کریس ٢٠٠٤، ل ل١٤٠-١٤١؛ ، ئەحمەد، ٢٠٠١، ل ل١٠١-١٠٢).

حەسەنی لە پەرتووکی (تاريخ الوزارات العراقيه ج٣) هەروەها پەرتووکی( تاريخ العراق السياسى الحديث ج٣) باس لەم بابەتە دەکات، ئەمەش درێژەپێدەری بزووتنەوەکانی تری شێخ مەحموودە کەتێدا باس لەگەڕانەوەی شێخ مەحموود دەکات لە ساڵی ١٩٣٠ تا دورخستنەوەی جارێکی تر. حەسەنی هۆکاری گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی لە سلێمانی پەیدا بوون، شکاندنی ئەو بەڵێنەی بە خۆی دابوو، سەرەڕای ئەو ئاگادارکردنەوەیەی وەزیری ناوخۆ (جەمیل مەدفەعی ١٨٩٠- ١٩٥٨) لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٣٠ بۆی ناردبوو، تێیدا باس لەو ڕووداوانە کرابوو، کە شاری سلێمانی پێدا تێپەری، هەروەها ئاگاداریکردەوە لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بەپێی بوچوونی ئەوان "پێچەوانەی ئارەزووەکانی حکومەتە"و پێگیرکردن بە مەرجەکانی ڕێکەوتنامەی کانونی دووەمی ١٩٢٧"، شێخ مەحموود گەڕایەوە عێراق لەگەڵ لایەنگیرە چەکدارەکانی، دەستی بە "تێکدان" کرت (بەپێی قسەی حەسەنی) لە ناوچەی (شهربازار) (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص٧٢،ص١٢٩؛، ٢٠١٣، ص٣٠٢؛، ١٩٨٩، ص٣١٣).

جگە لەمانە حەسەنی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسی داواکاریەکانی شێخ مەحموود دەکات و دەڵێت: "شێخ مەحموود داواکاریەکی پێشکێشی مەندوبی سامی بەریتانی کرد لە بەغدا تێیدا دووپاتیکردەوە دەبێت حکومەتی عێراق کوردستان جێ بهێڵێت لە زاخۆ تا خانەقین دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا" (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص١٢٩؛، ٢٠١٣، ص٣٠٢).

وا دیارە حەسەنی زۆر گرنگی بەو ئاگادارکردنەوانە داوە، کە حکوومەتی عێراق و بەریتانیا بۆ شێخ مەحموودیان ناردووە، بۆیە حەسەنی باسی ئەو نوسراوە دەکات، کە وەزیری ناوخۆ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ بۆ شێخ مەحموودی ناردبوو، کەتێیدا دووپاتدەکاتەوە لەسەر ئەو نوسراوانەی هەریەك لە وەکیل معتمد سامی و وەزیری ناوخۆ لە ٢٠ی ئەیلول، هەروەها وەکیلی موتەسەرفی لیوای سلێمانی لە ١٨ی ئەیلول بۆ شێخ مەحموودیان ناردبوو، کە تێدا دووپاتییان دەکردەوە بە پێگیریکردن بە مەرجەکانی ڕێکەوتنامەی ١٩٢٧، هەروەها تاوانبارکردنی بە شکاندنی ئەو مەرجانە، سورانەوەی لە دەوروبەری سلێمانی بەمەبەستی نانەوەی "ئاڵۆزی"،(بەپێی قسەی حەسەنی)، داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی لە پیران، ئاگاداریان کردۆتەوە لە بەکارهێنانی هێز و دەست بەسەرداگرتنی

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

موڵکەکانی لە عێراق لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەم ئاگاداریانە، جگە لەمە حەسەنی باس لە نوسراوی مەندوبی سامی بەریتانی دەکات، کە بۆ شێخ مەحموود نێردراوە تاوانباری دەکات بە پشتگوێ خستنی ئاگادارکراوەکانی و ئاگادارکراوەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەریتانیا و عێراق، هەروەها داوای لێکردووە "خۆی لە دەست تێوەردانی لە کاروباری عێراق بە دوربێخیت "، شێخ مەحموودی ئاگادارکردەوە لە ئەنجامی خراب (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص ص١٣٠-١٣١).

هێرشی لەشکری حکومەتی عێراق بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی بۆ سەر لایەنگیرانی شێخ مەحموود لە دەوروبەری پێنچوین، بابەتێکە لەو بابەتانەی حەسەنی ئاماژەی پێکردووە، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە بەیاننامەیەکی فەرمی حکومەت دەبەستێت کە لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ دەرچووە کە تێیدا هاتووە "...کاتێك شێخ مەحموود هەوڵی دەدا خەڵك هانبدات بۆ تێکدان لە کوردستان" حکومەت بڕیاریدا ئۆپەراسیۆنێکی لە شکری بەکاربهێنێت دژی، لەبەرئەوە حکومەتی عێراق هێزێکی لەشکری ناردە سلێمانی، "تێکدەرەکان" (بەپێی قسەی حەسەنی) هێرشیان کردە سەر بنکەی پولیس لە پێنچوین پێش گەیشتنی هێزەکانی حکومەت بۆ ئەو ناوچەیە، بەڵام کوردەکانی لایەنگیری حکومەت هەڵسان بە دەرکردنیان، کاتێك هێزی حکومەت گەیشتە خاڵی نزیك (بایانان)، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری سیوەیل توشی هێرشی "چەتەکان" بوو، هێزەکانی حکومەت توانی بەرامبەر ئەم هێرشە بەرگیری بکات لەم شەڕە دا پێنج سەرباز بریندار بوون، سەبارەت بە زەرەوو زیانی "چەتەکان" دوو کوژران لەگەڵ دوو بریندار، ئەم لەشکرەی حکومەت بەیارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی بوو (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص ص١٣١-١٣٢).

ئەوەی سەرنجی دام لەنوسینی حەسەنی دەربارەی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە حەسەنی دەڵێت: "لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیەی شێخ مەحموود لەبیری حکومەتی عێراقدا نەبوو، شێخ مەحموود ڕازیبوو بەنیشتەجێبوون لە گوندی (پیران) دوای دەرچونی لە عێراق ساڵی ١٩٢٧، مۆلکەکانی بەکاردەهێنا بەیارمەتی یەکێك لە نزیکەکانی، بەڵام دیارە تووشی تەنگەشەیەکی گران ببوو، جارێك بۆ یەکێك لە ناسیاوەکانی لە بەغداد نوسیبوو، کە دەیەوێت دەربازی سنوری عێراق بێت خۆ ئەگەر ئەم کارە کوشتنی ئەویشی تیابێت ....، بەڵام سودی لەم ڕووداوەی سلێمانی وەرگرت، یەکێك لە لایەنگیرانی ناردە بەغداد تاکو لایەنگیری کوردەکان بەدەست بهێنێت هانیان بدات بۆ "یاخیبون، (بەپێی قسەی نووسەر) ڕایانگەیاند پێویست بەڕاگەیاندنی "یاخیبوونە"، هەندێك لە ئەفسەرە کوردەکانی هێزی عێراق بونە لایەنگیری وەکو (مەحموود جەودەت و حەمید جەودەت و کامل حەسەن) ، بەم شێوەیە

بزووتنەوە بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، حکومەت و شێخ مەحموود توشی خسارەتی گەورە بون (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص١٣٢).

لێرەدا حەسەنی هەوڵیداوە زانیاریەکان تێکەڵ بکات چونکە ئەو خۆی باس لەو نامەیە دەکات لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە وەزیری ناوخۆ جەمیل مەدفەعی بۆ شێخ مەحموود ناردبوو، ئەو نامەیە گوزارشت لەوە دەکات کە حکومەتی عێراق ئاگادار بووە و ترسی هەبووە لەوەی شێخ مەحموود دوای ڕووداوی ٦ ی ئەیلول لە سلێمانی دەست بکاتەوە بە بزووتنەوەکەی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر شێخ مەحموود دوای ئەو ڕووداوە خۆی نەیدەتوانی دەستەوەستان دابنیشێت بەڵکو شێخ مەحموود لەهەر دەرفەتێکدا داوای مافەکانی کوردی دەکرد بۆیە نامەیەکی ئاراستەی نوێنەری باڵای بەریتانیا کرد لە عێراق، حەسەنی خۆی لە جێگایەك ئاماژەی بەو نامەیە کردوە بەرامبەری ئەو کوشتارە خوێناوییەی هێزەکانی حکومەت بەرامبەر خەڵکی سلێمانی ئەنجیامیان داوە، هەروەك لە کۆتایی نامەکەدا داوا دەکات بەناوی هەموو گەلی کورد دروستکردنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ئارمانجی بزووتنەوەی شێخ مەحموود، کە بریتی بوو لە جیابوونەوە لە عێراق و دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ (ئەحمەد، ٢٠٠١، ل١٠١؛ الحفو و البوتاني ٢٠٠٥، ص٤٤). سەرەڕای ئەوە خاوەنی قوربانیانی ڕووداوی سلێمانی داوایان لە شێخ مەحموود کردبوو بە تۆڵەکردنەوە لەجیاتی ئەوان لە دەسەڵاتدارانی حکومەت، ڕووداوی سلێمانی و بزووتنەوەی شێخ مەحموود لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەچوارچێوەی پرۆژەی نەتەوەیی دابوون (خواجة ٢٠١٦، ل٣٨٩؛ ، صابر ، ٢٠٠٦، ص١٦٦).

لەلایەکی تر حەسەنی هەندێك هۆکاری تری هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و دەستپێکردنی بزووتنەوەکەی دیاردەکات وەکو دەڵێت: "هەندێك دەنگۆ هەبوون کە بەریتانیا شێخ مەحمووددیان هانداوە دژی حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی ئازادبێت لەو بەڵێنانەی داویانە بە کورد" (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص١٣٣) لە کۆتاییدا حەسەنی دەربارەی بابەتەکە دیاردەکات شێخ مەحموود ناچاربوو لە ١٣ی گوڵانی ١٩٣١ خۆی ڕادەستی هێزەکانی حکومەتی عێراق بکات، دورخرایەوە بۆ خوارووی عێراق لە کۆتایدا ڕێگا پێدرا نیشتەجێ بێت لە بەغدا (الحسني، ج٣، ١٩٨٨، ص١٣٣).

لە نووسینەکانی حەسەنیدا دەربارەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ دیار دەکەوێت، کە حەسەنی ئاماژەی بە سەرکەوتنەکانی شێخ مەحموود نەکردوە، کە شێخ مەحموود

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

توانی دەست بەسەر زۆر ناوچە دابگرێ وەکو پێنچوین و هەڵەبجە و خورماڵ بیست و هەفت کەس لە هێزی پاسەوانی لە خورماڵ دەسگیرکرد، هەروەها دەستی بەسەر شانەدەری و کفریش داگرت توانی بگاتە دەوروبەری کەرکوك، هەروەها حەسەنی باسی شەڕی ئاوباریکی نەکردووە، لەم شەڕەدا هەردوولا ژمارەیەکی زۆر قوربانیان دا (صابر ، ٢٠٠٦، ص ص١١٧-١٨٧؛ البياتی، ٢٠١٠، ص ص٣٧٥-٣٨٠)، نووسەر تەنیا هەستی حکومەتی عێراق و بەریتانیای دیاریکردووە بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیە، تەنیا پشتی بەو نامانە بەستوە، کە دەسەڵاتدارانی حکومەت بۆ شێخ مەحموودیان ناردبوو، لەگەڵ ئەو بەیاننامانەی حکومەت دەریکردوە دەربارەی ئەم بزووتنەوەیە، هەوڵینەداوە زانیاریەکان شیبکاتەوە، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەو نامانەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق و بەریتانیا بۆ شێخ مەحموودیان ناردووە لەگەڵ ئەو بەیاننامانەی حکومەت دەریکردوە، کە نووسەر پشتی پێبەستوە شیکردنەوەیەکی زانستیانەی بۆ نەکردووە بەڵکو تەنیا زانیاریەکانی تۆمار کردووە، جگە لەوە لە زۆرجێگادا هەستی نەتەوەیی بەسەر نووسینەکانیدا زاڵ بووە، چونکە ئەو زمانحاڵی حکومەتی عێراق بووە، چەکدارانی شێخی بە "چەتەکان" ناودەبات لە بەرامبەر دا هێزەکانی حکومەت بە لەشکری "ئازا"، "الباسل" ناودەبات.

تەوەری چوارەم: بزووتنەوەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٤١ لە نووسینەکانی حەسەنیدا:

شێخ مەحموود لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤١ لە (سەماوە، ناصریە، عانە و بەغداد) ژیانێکی سەخت بەسەر بردووە، لە دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕا بۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی،زۆرجار داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کردووە تاکو جارێکی تر ِ یگای پێبدرێت بگەرێتەوە کوردستان، بەڵام دەرفەتی پێنەدەدرا، دواجار دەرفەتی بۆ رەخسا ئەویش لە مایسی١٩٤١ لەکاتی رووداوەکانی بزووتنەوەی (مایس ١٩٤١)، و لە ٢٠ ی گوڵانی ١٩٤١ لە شوێنی نیشتەجێبوونی بەزۆرەملێ لە بەغدا گەڕایەوە سلێمانی (ئەحمەد، ٢٠٠١، ل ل١٤٩-١٥٠؛ البارزاني، ٢٠٠٢، ص ص١١٧-١١٨ ).

سەبارەت بە هۆکارەکانی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی و ئارمانجی گەڕانەوەی، گەلێك بۆچوونی جیاواز هەنە، بەڵام ئەو بۆچوونەی نێزیکە لەڕاستی، زۆربەی مێژوونوسان دوویاتدەکەنەوە لەسەر ئەوەیە شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ سلێمانی بە ڕەزامەندی سەرکردەکانی بزووتنەوەی مایس، داوا لەشێخ مەحموود کرابوو لەکاتی پێویست بچێتە سلێمانی دژایەتی ئینگلیز بکات: (البارزاني، ٢٠٠٢، ص ص١١٨-١٢٠)، بە هەرحال دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی گوندی (سیتك) ی لە نێزیك سلێمانی کردە بنکەی خۆی، لەشکری ڕێکخست بەهاوکاری پارتی هیوا(١٩٣٩-

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

١٩٤٥) هەوڵیدا بۆ ئەنجامدانی بزووتنەوەیەکی چەکداری نوێ، بەڵام دوای لە ناوچونی بزووتنەوەی مایس و پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ لەلایەن جەمیل مەدفەعی(٢ی حوزەیران-٧تشرینی یەکەم ١٩٤١ )، ئەم حکومەتە گفتوگۆی لەگەڵ شێخ مەحموود کرد داوای لێکرد دەست لە بزووتنەوەکەی هەڵگرێ، هەروەها پارتی هیواش لەگەڵ ئەوەدابوو شێخ مەحموود بەڕێگای ئاشتی داوای جێبەجێکردنی مافەکانی کورد بکات، شێخ مەحموود بەمە ڕازیبوو، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن ناوبراو لە کوردستان بمێنێت (حمدی، ١٩٩١، ص٢٣٨؛ الحفو و البوتاني ٢٠٠٥، ص ص ٧٢-٧٣).

حەسەنی لە پەرتوکی (تاريخ الوزارات العراقيه ج٦) باس لەم بابەتە دەکات، ناونیشانی ئەم ڕووداوە دەکاتە "عصيان شێخ مەحموود"، بەڵام بەشێوەیەکی نازانستی و دوور لە پەیرەوکردنی بنەماکانی میتۆدی توێژینەوەی زانستی باس لەم بابەتە دەکات، هەروەکو لە ناونیشانی بابەتەکە دیارە، باس لە کۆتایی بزووتنەوەی شێخ مەحموود دەکات (الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص٢٩). نوسەر شێخ مەحموودی دەکاتە یەك لە سەرکردە بەناوبانگەکانی کورد، ئەوە ئاشکرا دەکات کە لایەنگیرانی شێخ مەحموود بە شداریان لە بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ کردبێت لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات شێخ مەحموود ناچارکرابوو بەمانەوە لە بەغدا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەکاتی دروستبوونی پێکدادان لە نێوان هەردوو هێزی بەریتانیا و عێراق لە ٢ی گوڵانی ١٩٤١ بانگی لایەنگیرانی کرد لە سلێمانی بۆ جیهادکردن دژی بێگانە، هەروەکو زانایانی ئاینی لە سەرانسەری عێراق ئەم کارەیان کرد، دواتر بەنهێنی چوو بۆ باکوور، دوای لە ناوچونی بزووتنەوەکە (مەبەست لێی بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانیە)، داوای جێبەجێکردنی مافەکانی کوردی دەکرد بە دانی حوکمی زاتی پێیان (الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص٢٩). بەڵام لێرەدا حەسەنی لەو باوەڕەدایە، کە دەستی بێگانە مەبەست لێی ئینگلیزە، لە پشت بزووتنەوەی شێخ مەحموود و داواکارییەکانی هەبوویێت لەو بارەیەوە دەڵێت: " ڕەگەزی بێگانە لە عێراق پاڵپشتی ئەم داخوازیانە و ئەوانەی لەم شێوەی دەکرد بۆ تێکدانی باروودۆخی گشتی وڵات، تاکو هەیبەتی حکومەت لاواز بکەن، تا وای لێ بکەن بەو ڕێگایەدا بڕوات، کە ئەوان دەیانەوێت" (الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص٢٩)، بەڵام ئەم بۆچوونە دوورە لە ڕاستی چونکە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، کە لە بەردەستدان ئاماژە نادەن بەوەی کە ئینگلیز پەیوەندی بە بزووتنەوەی شێخ مەحموود هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ڕەتیانکردەوە هیچ یارمەتیەکی پێش کێش بکەن، داوایان لە شێخ مەحموود کرد دەست لەکارەکەی هەڵگرێت تاکو توشی هیچ کێشەیەکی نوێ نەبێت لە عێراق، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێگای دبلوماسی بوون بۆ

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

چارەسەرکردنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەنابردن بۆ لایەنی لەشکری بە دورنەخستەوە لەکاتی بەردەوامی بزووتنەوەی کوردی (ئەحمەد، ٢٠٠١، ل١٥٧؛ ، البارزاني، ٢٠٠٢، ص١٢٣)، لێرەدا ناچۆنیەکی لە بۆچوونەکانی حەسەنیدا بەدیدەکرێت دەربارەی پەیوەندی شێخ مەحموود و ئینگلیز لەبەرئەوەی حەسەنی خۆشی سەبارەت بەم بابەتە لە چاوپێکەوتنێکی (کەمال مەزهەر ١٩٣٧– ٢٠٢١) لەگەڵیدا دان بەوە دەنێت دەڵێت "کاتێك شێخ مەحموود لە بەغدا بوو هەموو رۆژێکی هەینی لەگەڵ مەعروف جیاووك دەچوینە خزمەتی لە ماڵەکەی... زۆرجار بەئاسانی هەستم دەکرد تاچ رادەیەك لە ئینگلیز داخ لەدڵە" (ئەحمەد، ٢٠٠١، ل١٥٠)، رێکارەکانی حکومەت بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود و هەروەها رێکەوتن لەگەڵی، جێگای ئاماژە پێکردنی حەسەنی بووە دیاردەکات: وەزارەتی جەمیل مەدفەعی پێنچەم(٢ی حوزەیران–٧تشرینی یەکەم ١٩٤١) هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر شێخ مەحموود نواند لەو بارەیەوە دەڵێت: " نابێت مایتێکردنی ئەو کارانە بکات کە پەیوەندی بەو نەبێت،" بە تایبەتی پرسی جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق، کە دەڵێت:"بویتە باسێك لە باسەکانی مێژوو (الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص٢٩)،بەڵام ئەگەر سەرنجێك بدەینە پرسی کورد پێش دروست بوونی دەولەتی عێراق هەبووە هەروەها شێخ مەحموود هەر لەوەکاتەوە تێدەکۆشا بۆ جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بزووتنەوە یەك لە دوای یەکەکانی بەڵگەی ئەو راستیەن (البارزاني، ٢٠٠٢، ص١١٦–١١٧).

هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ رازیکردنی شێخ مەحموود، تاکو دەست لە داواکاریەکانی هەڵگرێت جێگای ئاماژە پێکردنی حەسەنی بووە، لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات جەمیل مەدفەعی سەرۆك ئەرکانی سوپای نارد بۆ سلێمانی بۆ رازیکردنی شێخ مەحموود، تاکو بگەرێتەوە بەغدا و دەست لە داواکاریەکانی هەڵگرێت، بەڵام نەیتوانی رازیبکات، هەروەها موتەسەریفی سلێمانی بۆجێبەجێکردنی هەمان مەبەست نێردرا، بەڵام ئەویش سەرکەوتوو نەبوو(الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص٢٩). بەڵام ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکان لەگەڵ شێخ مەحموود ناکەت، کە دەگەرێتەوە بۆ دانپێدانەنانی حکومەتی عێراق بە داواکاریە نەتەوەییەکانی شێخ مەحموود، کە داواکاری روون ئاشکرابوون تایبەت بوون بە بەرێوەبردنی کارگێری ئەمن و سیستەم لە ناوچە کوردیەکان لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەم داواکاریانەی رەتکردەوە پێی وابوو ئەمە هەنگاوی یەکەمە بەرەو حوکمی زاتی (الحفو و البوتاني ٢٠٠٥، ص ٧٤). بۆیە وەزارەتی جەمیل مەدفەعی بڕیاریدا بەناردنی هێز بۆ لەناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە، لە ١٤ی تیرمەه ١٩٤١ باری

ناياسايی ڕاگەیەنرا لە ناوچەی سلێمانی، دواتر باسی ئەو بڕیارانە دەکات کە وەزارەت دەربارەی باری ناياسايی لە سلێمانی دەريكردبوون، لەکۆتاییدا دێتەسەر باسی ڕازیبونی شێخ مەحموود بە مەرجەکانی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت، دواتر بەياننامەيەكی حكومی دەركرا دەربارەی كۆتايی هاتنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود و لە ٢٠ئابی ١٩٤١حكومەت بڕياريدا بەلابردنی باری ناياسايی لە ليوای سلێمانی (الحسني، ج٦، ١٩٨٨، ص ص٢٩-٣١).

لە نوسینەکانی حەسەنی دەربارەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٤١ بۆمان بەديار دەكەوێت، كە بەپێی بیروڕای حەسەنی ئەم بزووتنەوەيە بە پاڵپشتی بەريتانيا دروست بووە، بەڵام لەڕاستیدا وا نەبووە، هەروەها لەزۆر جێگادا زانیاريەکانی تێکەڵ کردووە، هۆکارەکانی ڕاستی و دروستی بزووتنەوەکەی ئاشکرا نەکردینە، جگە لەمانە بۆچوونەکەی یەك لایەنانە بووە تەنیا پشتی بەستوە بەو بەياننامانەی كە لەلايەن حكومەتەوە دەركرابوون، بنەماكانی توێژینەوەی زانستی پەيڕەونەكردينە، لە كۆتايدا دەتوانين بڵێن هەستی حكومەتی عێراقی دیاريكردوە لەو بزووتنەوەيە.

دەرئەنجام :

لە نووسینەکانی حەسەنی دەربارەی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود بەم دەرئەنجامانە گەیشتین:

- حەسەنی پرسی کوردی لەو کاتەدا گرێداوە بە شێخ مەحموود لەو بارەیەوە دەڵێت :"ئێمە دەتوانين بە حەق بڵێین شێخ مەحموود مێژووی دۆزی کوردە دۆزی کوردیش شێخ مەحموود خۆیەتی ."

- هەروەها نووسەر گرنگی بە بزووتنەوە یەك لە دوای یەکەکانی شێخ مەحموود داوە و هەوڵەکانی شێخ مەحموود بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

-جگە لەمە ناچۆنیەکی لە نووسینەکانی بەدیدەکرێت، بەجۆرێك بزووتنەوەی یەکەمی شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٩ کە دژی بەریتانیا بووە بە شۆڕش دادەنێت، بەڵام بزووتنەوەکانی تری شێخ مەحموود لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ -١٩٤١ کە دژی حکوومەتی عێراق و بەریتانیا بووە بە (گێرەشوێن و تێکدەر و دوورکەوتنەوە لە یاسا دادنێت) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەر کەسێکی نەتەوەیی بووە وادیارە کەوتووتە ژێر کاریگەری نەتەوەیی، هەروەها نووسە زمانحالی حکوومەتی عێراق بووە، جگە لەمانە دەبێت بارووډۆخی سیاسی ئەو کاتی عێراق لەپێش چاو وەربگرین، چونکە زۆربەی کەسە سیاسیەکانی عێراق هێشتا لە ژیاندا مابوون، لەوانەیە نووسەر نەیتوانیبێت بە شێوازێکی تر نووسینەکانی دەرببڕێت .

JOBS مجلة العلوم الأساسية
Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

-جكە لەمە لەزۆرجێگادا گیانێکی نازانستی بە سەر نووسینەکانیدا زاڵبووە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی پەیرەو نەکردووە، وەکو لەهەندێك جێگادا ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردووە کە نوسینەکانی لێ وەرگرتووە، لە هەندێك شوێنی تر تەنها زانیاری کۆکردۆتەوە، بێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ ڕووداوەکان بکات، بەڵام نووسەر خۆی وەڵامی ئەم بابەتەی داوەتەوە و ئاماژە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو کات کردووە، کە بەپێی بۆچوونی ڕێگربووە لە شیکردنەوەی ڕووداوەکان و ئەو نەیویستوە شیکردنەوەیەکی نادروست بۆ ڕووداوەکان بکات بۆ خوێنەری جێهێشتووە .

-بەڵام زیاتر پشتی بە دیکۆمێنت و بەیاننامە و بەڵگەنامەکانی فەرمی حکوومەتی عێراق و بەریتانیا بە ستووە. جگە لەمانە لە زۆر جێگادا هەوڵی نەداوە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم بزووتنەوانە دیاربکات، هەروەها دیاردەی دووبارەکردنەوە لە نووسینەکانی بەئاشکرا دیارە بە جۆرێك لە هەرسێ پەرتووکەکانی، کە پێشتر باسمان کردووە هەمان زانیاری دەخاتە ڕوو.

– لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن نووسینەکانی گرنگن بۆ بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود، چونکە هەڵویستی هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا لە نووسینەکانیدا بۆ خوێنەر ڕوون کردووتەوە.

---

الهوامش:

[i] ناوی تەواوی عەبدولرەزاق مەهدی سادق هادی ئال سەید عیسایە لە ساڵی ١٩٠٣ لە شورجە (الشورجە) بەغداد لە خێزانێکی عێراقی لە دایك بووە، لە سەرەتای ژیانیدا خوێندنی ئاینی وەرگرتووە، دواتر چووەتە قوتابخانەی (مکتب الترقی الجعفری العثمانی)، پاشان چووەتە پەیمانگای مامۆستایان لە بەغداد لەوێوە حەزوو ئارەزووی نووسین و چاپکردنی لا پەیدا بووە، دەستی کرد بە نووسین لە ڕۆژنامە (مفید)، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و مێژوویی هەفتانەی لە بەغداد دەرکرد بەناوی (الفضیلة) لە ئەیلولی ١٩٢٥، سەرەڕای ئەمە ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی مێژوویی بە ناوی(الفیحاو) لە بازێڕی حلە دەرکرد لە ساڵی ١٩٢٧، دوای سەندنەوەی ئیمتیازاتی ڕۆژنامەکەی، دەستیکرد بە کارکردن لە حکومەت بۆیە لە ساڵی ١٩٢٧ وەکو یاریدەدەری ژمێریاری وەزارەتی داراییی دامەزرا، وە لە ساڵی ١٩٤١ دەست بەسەر کرا بەهۆی بەشداریکردنی لە شۆرشی مایس ١٩٤١ بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندان مایەوە لەو ماوەیەدا هەندێك لە بەرهەمەکانی نوسیوە، دوای ئازادکردنی لە زیندان و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩ خزمەتی کارەکەی گواستەوە بۆ دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمەش لە سەر ڕاسپاردەو هاندانی ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات نوری سەعید(١٨٨٨– ١٩٥٨)لە وێ کارەکەی ڕێکخستنی تۆماری تایبەت بوو بە مێژووی دەوڵەت ١٤ ساڵ لەم کارەدا مایەوە دەرئەنجامی ئەوە سودێکی مێژوویی گەورەی بینی لە ئامادەکردنی سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ کەرەستەی نووسینەکانی بەتایبەتی بۆ نووسینی پەرتووکی (تاریخ الوزارات العراقیه) زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی نووسراوی هەیە گرنکترینیان (تاریخ الوزارات العراقیه، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، العراق فی دوری الاحتلال والانتداب، تاریخ

JOBS مجلة العلوم الأساسية Journal of Basic Science
Print -ISSN 2306-5249
Online-ISSN 2791-3279
العدد الحادي عشر
٢٠٢٢م/١٤٤٤هـ

الصحافه العراقيه، تاريخ الاحزاب السياسيه في العراق ... هتر) سەرەڕای ئەمە پەرتووکی لە سەر ئاین و مەزهەبەکانی ئایینی کە لە عێراقدا هەن نووسیوە وەکو ئێزدی و صائبە، لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد. سەبارەت بە ئاراستەی فکری و سیاسی کەسایەتیەکی نەتەوەیی بوو، سەرەڕای ئەمە ڕێزی لە کورد و مێژووی کورد کرتووە بۆیە لە هەندێك پەرتووکەکانی باسی کوردو پرسی کوردی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی و ڕێبازی نووسینی بڕوانە: (علي، ٢٠١٠، ص ص٢٩-١٤٤).

[i] ڕووداوی کەربەلای مێژوویی: مەبەست لێی ئەو جەنگەییە کە لە ١٠ی موحەرەمی ساڵی ٦١ ی ھ لە شاری کەربەلا لە عێراق ڕوویداوە لە نێوان حوسێن کوری عەلی کوری ئەبی تالْب چوارەمین خەلیفەی ڕاشدی و یەزیدی کوری معاویە خەلیفەی ئەمەوییەکان، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کاتێك یزید کوری معاویە خیلافەی وەرگرت حوسێن کوری ئەبی تاڵب ڕەتیکردەوە بەیعەی پێبدات، ئەم جەنگە بووە هۆی کوژرانی حوسێن کوری ئەبی تاڵب و زۆرێك لە بنەماڵەکەی و لایەنگیرانی بۆ زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: (ابن كثير ، ١٩٩٢، ص ص١٤٩-٣٠٠).

لیستی سەرچاوەکان

پەرتووکی کوردی و وەرگێر:

- ئەحمەد، کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی عەبدوڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ .
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا ، ژیان بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی (١٩٢٦ -١٩٣٨)، سلێمانی، ٢٠٠٢.
________ ، کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ١٩١٨ -١٩٣١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ب.م.
- تەقی ، ئەحمەد ، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا ( لاپەڕەیەك لە شۆرشەکانی شێخ محمود، سمکۆ) ڕێکخستن و ئامادەکردنی جەلال تەقی ، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغداد ، ١٩٧٠ .
-حیلمی ، ڕەفیق ، یاداشت کوردستانی عێراق و شۆرشەکانی شێخ مەحموود، پێداچوونەوە : سەلاحەددین ئاشتی، انتشارات کردستان، سنە، ٢٠٢٠.
- خواجە ، ئەحمەد ، چیم دی، ئامادەکردنی سدیق سالح، ب (١-٤)، چاپی سێ یەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١٦
- سەجادی ، عەلائەددین ، شۆڕشەکانی کوردو کورد و کۆماری عێراق ، انتشارات کردستان، سنە، ٢٠١٧ .
-شوانی ، ئاکۆ عبدالکریم ، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە)، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- عەلی ، عوسمان ، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێر: کامەران جەمال بابان زادە، ب٢، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش، ٢٠١٠.
- کۆچێرا ، کریس، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا ، وەرگێر: حەمە کەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٤.

پەرتووکەکانی عەرەبی

أ-پەرتووکەکانی عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی

1. الحسني، عبدالرزاق ، تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، ٢، ٣، ٦، ط٧، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد، ١٩٨٨.
2. ________ ، العراق في دوري الاحتلال والانتداب ،ج١، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٣.
3. - ________، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، ط٧، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٨٩.

ب- پەرتووکەکانی نووسەرانی تری عەرەبی و وەرگێر:

1. ابن كثير ، ابو الفداء الحافظ ، البداية والنهاية، ج ٨ ، مكتبة المعارف، (بيروت، ١٩٩٢ ).
2. ادموندز ، سي.جي. ، كوردو ترك و عرب، ترجمة : جرجيس فتح الله، دار اراس، اربيل ،٢٠١٢.
3. البارزاني ، عزيز حسن ، الحركة القومية الكوردية التحريرية في كوردستان العراق(١٩٣٩ -١٩٤٥)، دار سثيريز ، دهوك، ٢٠٠٢.
4. البياتى ، عبدالرحمن ادريس صالح ، سياسة بريطانيا تجاة كرد العراق(١٩١٤ -١٩٣٢، بنكةى ژين، سليمانى، ٢٠١٠.
5. ________، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كوردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
6. الجادرى ، كافي سلمان مراد ، موقف الحكومة العراقية من القضية الكوردية في المرحلة الاولى من عهد الاستقلال، دار المرتضى، بغداد، ٢٠٠٩.
7. الحفو البوتانى، و غانم محمد و عبدالفتاح علي ، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال عهد الملكى(١٩٢١-١٩٥٨)، دار سثيريز، دهوك ، ٢٠٠٥.
8. حمدى ، وليد ، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية وثائقية، لندن، ١٩٩١.
9. شمدت، دانا ادمز ، رحلة الى رجالى شجعان في كوردستان. ترجمة: جرجيس فتح الله، دار اراس، اربيل ،١٩٩٩ .
10. صابر، سروة اسعد ،كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل (١٩١٤ -١٩٢٦) دراسة تاريخية سياسية وثائقية، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١.
11. ______ ،كوردستان الجنوبية (١٩٢٦-١٩٣٩) دراسة تاريخية سياسية، دةزطاى ضاث و ثةخشى حةمدى ، سليمانى، ٢٠٠٦.
12. عبداللة ، عمار يوسف ، "بريطانيا وانتفاضة الشيخ محمود الحفيد في كردستان العراق ١٩٢٢ -١٩٣١ "، في : جنوب كردستان وبغداد ( التجربة الكردية في مئوية دولة العراق ١٩٢١-٢٠٢١)، بقلم مجموعة باحثين ، سةنتةرى زاخؤ بؤ ظةكؤلينَين كوردى، زاخؤ، ٢٠٢١.

13. علي ، فليح حسن، عبدالرزاق الحسني مؤرخا، دار ومكتبة البصائر ، بيروت، ٢٠١٠.

14. فتح الله ، جرجيس ، يقظة الكرد (تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥)، دار اراس، اربيل، ٢٠٠٢.

15. كوكس و دوبس، السر برسي و السر هنرى ، صفحة من تاريخ العراق الحديث من سنة ١٩١٤ الى سنة ١٩٢٦ تكوين الحكم الوطني في العراق، ترجمة بشير فرجو، الموصل، د. ت.

16. المس بيل ، فصول من تاريخ العراق القريب (١٩١٤-١٩٢٠). ترجمة : جعفر خياط، بغداد، ١٩٧١.

17. مكدول، ديظيد ، تاريخ الاكراد الحديث، ترجمة: راج ال محمد، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤.

18. منتشاشفيلى ، البرت.م. ، العراق في سنوات الانتداب الريطانى. ترجمة: هاشم صالح التكريتي، بغداد، ١٩٧٨.

19. ويلسن، السر ارنولد ، الثورة العراقية ، ترجمة: جعفر الخياط، دار الكتب، بيروت، ١٩٧١.

تێزە زانکۆیەکان:

1. الاتروشي ، خليل مصطفى عثمان ، كوردستان الجنوبية (العراق) في سنوات الاحتلال والانتداب البريطانيين(١٩١٨-١٩٣٢) رسالة ماجستير (غير منشور) مقدمة الى كلية ئاداب- جامعة دهوك- ٢٠٠٥.

2. گۆڤارەکان:

3. عبدالله ، عمار يوسف ،"بريطانيا والانتفاضات الكردية في العراق ١٩١٩-١٩٣٢٢"، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية ، مجلد ٧، العدد ٣، (٢٠١٢).